# مەودا

محەممەد ئیسماعیل نەژاد (م. ئاران)

زستانی ٩٥

تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

| | | |
|---|---|---|
| سرشناسه | : | اسماعیل‌نژاد، محمد، ۱۳۶۰ - |
| عنوان و نام پدیدآور | : | مه‌ودا/ محه‌ممه‌د ئیسماعیل نه‌ژاد(م. ئاران). |
| مشخصات نشر | : | بوکان : زانکو، ۱۳۹۵. |
| مشخصات ظاهری | : | ۱۲۸ ص.؛ ۱۴/۵×۲۱/ ۵ س‌م. |
| وضعیت فهرست نویسی | : | فیپا |
| یادداشت | : | کردی. |
| موضوع | : | شعر کردی -- قرن ۱۴ |
| موضوع | : | Kurdish poetry -- 20th century |
| رده بندی کنگره | : | PIR۳۲۵۶/ س۷۴۳الف۵۳ ۱۳۹۵ |
| رده بندی دیویی | : | ۸فا۹/۲۱ |
| شماره کتابشناسی ملی | : | ۴۴۴۳۹۲۶ |

نیشانی: بۆکان، شەقامی قەڵای سەردار، پاساژی جۆردەن.

سەندووقی پۆستی: ۱۳۱-۵۹۵۱۵

---

نێوی کتێب: مەودا

---

نووسەر: محەممەد ئیسماعیل‌نەژاد

---

**ڕووبەرگ:** شوعەیب مەکتەبداری

---

نۆرەی چاپ: یەکەم- زستانی **۱۳۹۵**

---

چاپەمەنی: بۆکان- ڕامان

---

ئەژمار : ۱۰۰۰ دانە

---

قیمەت: ٦۰۰۰ تمەن

---


تەواوی مافی ئەم کتێبە بۆ نووسەر پارێزراوە.

# پێڕست

وتەیەک ........ ٣
داوی سەخڵەتی ........ ٥
پێچی پڕخەم ........ ٧
دوژمنی قەستەسەر ........ ٨
هەواڵێکی تاڵ ........ ٩
بیانوو ........ ١٠
ڕشانەوە ........ ١١
شاری جەستە ........ ١٣
بەهەشتی خۆشەویستی ........ ١٤
شێوازەکانی مەرگ ........ ١٥
نوقمی گێژاوی بەڵا ........ ١٦
بیرەوەری ........ ١٧
دووپاتبوونەوە ........ ١٨
ڕێی باوەش ........ ١٩
ئادگاری ئەوین ........ ٢٠
بە هەوای تۆوە، پەڕێک! ........ ٢١
هۆی هۆلۆکاست ........ ٢٢
باجی جودایی ........ ٢٣
یەکەم هەنگاوی سەر مین ........ ٢٤
بەزمی حوزوور: بۆ حەزرەتی مەحوی ........ ٢٥

ئیشقی نەڕەخساو.......... ٢٧
نیشتمانی ڕوان .......... ٢٨
کۆمارەدەرد .......... ٢٩
بزاڤی ئازادی .......... ٣٠
بەختی بێوەی .......... ٣١
نکوولی.......... ٣٢
بزەی بەهار.......... ٣٣
فریشتەی بێ نیشان .......... ٣٤
داگیرسانی ئێوارە .......... ٣٥
سۆراغ .......... ٣٦
خۆشکەڵکەڵە .......... ٣٧
گیانی هەرەسبار.......... ٣٨
ویرەویری خەڵووز .......... ٤٠
بەرهەمی نەدیتنی تۆ.......... ٤١
بە دەمی تیغەوە.......... ٤٢
شێعری ژنانە.......... ٤٣
ئاڵا .......... ٤٤
گوڵوشەی جوانی .......... ٤٥
بانگی مەستانە.......... ٤٧
ژانی زان.......... ٤٨
مێردەزمەی نەزانی .......... ٤٩
بۆ مامۆستا حاجی قادری کۆیی.......... ٥٠

گێژەنی عەتری ژنێک ........ ٥١
ئاوازی درۆ ........ ٥٢
ژینی غەریبانە ........ ٥٣
شنەی خۆڕاگری ........ ٥٥
پەنجەرەی ئاوەڵا ........ ٥٦
فرمێسکی پیاوانە ........ ٥٧
کەژی خەیاڵاوی ........ ٥٨
خوازە ........ ٥٩
ناوەرۆکێکی ئەوتۆ ........ ٦٠
گەڕانەوە ........ ٦١
داوا ........ ٦٢
دیمەن ........ ٦٣
ئاوردوو ........ ٦٤
نێرگزی تێراو ........ ٦٥
گرتنی تەقویم ........ ٦٦
باڵوێزی ئاشتی ........ ٦٧
چەند و چوون ........ ٦٨
کۆترەشینکە ........ ٦٩
چوارینەکان ........ ٧٠
ئاماژەکان ........ ٨٩


@kurdica

# وتەیەک

بەفری لاپاڵ، هەوری ساماڵ، کۆتری ئاشتی و بزەی
قەت لە بیر ئاسمانی کوردستانی خۆت ناچیتەوە

جوانی و ساکاری و ناسکی لە شێعری م.ئاراندا شەپۆل دەدات و سەرلەبەری غەزەل و چوارێنەکانی لێوڕێژن لە بیری ئەمڕۆیی و ناوەرۆکێکی نوێ و مرۆڤانە. غەزەلەکانی لەگەڵ ڕووحی خوێنەر قسە دەکەن و خۆیان دەکەنە ئاوێنەیەکی زوڵاڵ و بێ غەور کە خوێنەر و گوێگر لەڕێوە تێکەڵی دەبێت و ئەشق و ئاوات و خەم و دڵەڕاوکێ و دڵەخورپەکانی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە. هەستی م.ئاران هەستێکی سەوز و تەرچکی سەردەمیانەیە و کەلاوڕێژیشە لە جوانی و ئەویندارێ. بە خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە شێعرە بۆت دەردەکەوێ شاعیر چەندە هەست بە دەروەستبوون و بەرپرسیارێتی دەکات و لەگەڵ هەموو خەم و نەهاتی و نەهامەتییەکانی وڵاتەکەیدا دەسووتێ و دەگری و دەتوێتەوە:

دەواری دووکەڵ و کاروانسەرای ئازارە سیپەلکم
وەرە و تاسەم بە ڕێبواری هەناسەی خۆت بناسێنە

غەزەلەکانی م.ئاران تژین لە بەرخۆدان و ڕەخنە، چەمۆڵە لە ڕوخساری پڕ فڕوفێڵی زاڵمان و مرۆڤکوژان دەنێن و لەسەر کێشی شنە و شەپۆل و بە زمانی گوڵ و سەوزە جریوەی مەلان دەپەیڤن و ئاوێنەداری ڕوخساری نازەنینان و ڕوومەت گوڵانن:

چیها جیلوەی هەیە جوانیت کە ون نابی لەبەر چاوم
لەناو هەر جیلوەیەکدا سەد جیهان خۆی پێ نیشان داوم
بەسەر پێستی هەناسەمدا شنەی بۆنی لەشت دەکشێت
چ سەرشێتە لە پێدەشتی قژت پەنجەی بەجێماوم

بەداخەوە هەندێ کەس کە ژێستی نوێخوازی لێ دەدەن و درۆ لەگەڵ هەست و ویستی دەروونی خۆیان دەکەن، هەر کە چاویان بە فۆڕمی غەزەل دەکەوێت بەبێ

ئەوەی بیخوێننەوە مۆرکی کلاسیک و کۆن بوون لە تەوێڵی دەدەن. من داوا لەو کەسانە دەکەم کە خاوەنی ئاوا بیرکردنەوەیەکن بەبێ هەستی دەمارگرژانە و خۆفریودەرانە ئەو شێعرانە بخوێننەوە:

ئەو کۆترەشینکەیە پەڕ و باڵی کە کردەوە
بیری درەختی بۆ سەرەتای بوونی بردەوە
توند ڕایدەکرد لە جەنگەڵی جەستەی سپیکەڵەی
ئاسکێکی سڵ بە گەردنی ڕاماو و زەردەوە

ئەم کتێبەی م. ئاران کە چوارەمین کۆمەڵە شێعری چاپکراوی ئەم شاعیرە لاوەیە بەڕاستی جوانی و ناسکی لە سەرتاپای شێعرەکانی دەبارێ و جگە لە بیر و وێنەی نوێ و نەسواو لەباری کێش و سەرواشەوە زۆر نوێیە و پڕە لە ئەزموون و هەوڵی جیددی.
ئەو چەند کاتژمێرەی لەگەڵ ئەم غەزەل و چوارینانەدا ژیام، گەشتێکی ڕووحییان پێ کردم و هەستم کرد گوڵ و شنە و پەپوولە لەدەوری سەرم دەخولێنەوە و لە گوڵجاڕە ژوانێکی ئەویندارانەدا ڕایدەبوێرم. دەستخۆشی بە م.ئارانی خۆشەویست دەڵێم و هیوادارم بەرهەمی لەوەش بەپێزتر پێشکەش بە هۆگرانی غەزەلی نوێ بکات و داوای لێ دەکەم هیچ کات لە خۆی ڕازی نەبێت و بەو ڕاستییە بگات کە شاعیر لە کاتی دەست بە نووسین کردنەوە هەتا کاتی ماڵاوایی لە ژین هەر دەبێ خەریکی کرۆکاشی ئەزموون بێ و بەردەوام بەدوای جوانییە نەدیتراوەکاندا بگەڕێ و ئەزموونی تازە دەستەبەر بکات.

١٣٩٥/٥/٢٤
ئەمین گەردیگلانی

# داوی سەخڵەتی

ئەی دڵەی پــڕ حەســرەت و سەرمەســتی ئەلهــا و پێپەتــی
دەستی خۆتت بەستەوە ئاخر بە داوی سەخڵەتی
شێت و پەتیارە منت دیسانەکەش وێڵ کردەوە
لەم تراوکە دوورەدەست و خەڵوەتەی بێتاقەتی
ناردمت تاکوو هەوێڵی پشت تەریکستانی هیچ
سەر لە ئێوارەی ئەوین و پڕ بە کاتی مەینەتی
خستتە بەردەست دایەنی تەنیایی هەستی بێکەسم
لێت ستاند پیتاکی ئارام و پسوولەی دەرفەتی
تووشی ڕۆژە تووشەکەی چاوانی هاتی و چیت نەدیت!
لەم شەقامە قەددرێژەی دەرد و داخی غوربەتی
ڕێت نەکەوتە هەرد و چۆڵی سەد هەزاران مەرگەوە؟
تێی نەگرتی تەوس و تێزەی تیری داخ و عەزرەتی؟

ئەم هەوارە تاقەتی خۆشی و قسەی ئیشقی نییە
خاڵییە و پڕپڕ لە بێڕەحمی و مەرایی و نەگبەتی
لەم هەرێمە بوورەدا کوا شین دەبێ تۆوی ئەوین
باخەوانی خۆشەویستی هەر بە بای کرد زەحمەتی
گەر بەهایێکی هەبووبێت شێعری ئازادی و ئەوین
ئەی دڵەی داماوی دیلم تۆ شکاندت قیمەتی
چی دەکەی لەم چۆڵگەیە ئارانەکەی جەندەک بە کۆڵ
کۆی کەوە بارگەوبنەت لەم بەربنارەی کۆیلەتی

# پێچی پڕخەم

هەی داد لە دەس دڵەی سەرەڕۆ و شێت و پێپەتی
هەر خۆی دەخاتە ناو تەڵەکە و داوی سەخڵەتی
هەی وای لە تاوی نیوەنیگای ڕۆژە تووشەکەی
دڵ تووش دەکا بە سەد کەسەر و دەرد و مەینەتی
هەی داخ لە پێچی پڕ خەمی شەوگاری پرچەکەی
گیان بەندە مووبەموو بە دەزووی ڕاز و حیکمەتی
وەی ڕۆ لە سیحری ڕوونی نیگا و زەردەخەندەکەی
تالان دەکا دەروون و دەتاسێنێ تاقەتی
بەخ بەخ لە جوانی بەژنی بلوورین و ناسکی
وەی وەی لە شیرنی دەم و لێوماچ و سوحبەتی
ڕەش هەڵگەڕاوە جەرگی وشەی سەوزی دەفتەرم
تاکوو هەڵێگڕاندووە گوڵناری ڕوومەتی
کەوتۆتە بەینی ئێمەوە مەودایەکی مەزن
دڵ بۆیە پڕ بە دەشت و چیا شین و ڕۆیەتی
خۆیشی دەزانێ ئەستەمە ڕێگەی ئەوینی تۆ
دەینێتە مل وەباڵی گرانباری کۆیلەتی

تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
@kurdica

## دوژمنی قەستەسەر

هێرشی کردۆتە سەر وارشی دڵم تیشکی چەمت
دەوری داوم لەشکری پێنجی سپاهی پەرچەمت
کەوتمە گۆڕی ڕێژنەدەسرێژی سەرنج و نیونیگات
دامدەبێژێت کون بە کون شەستیری دەرد و ماتەمت
تیر و شیرم لێ دەسوون هەر ساتێ برژانگ و برۆت
دڵ دەئەنگێوێ ئەو و لەتلەت دەکا جەرگم ئەمت
ئێشکی دڵمی خۆش دەداشت سەربازی سیفری سینەکەت
جەرگی لەو لاوە دەپێکام سێرەڕاستی گۆی مەمت
هێزی تەنیایی هەتا دۆڵی نەمانی ڕاو دەنام
دەیگوشی توند بینەقاقام سەرپەلی تاسە و خەمت
ڕاست و چەپ تیری دەئاویتمێ بژانگی دڵڕەشت
خوار و ژووری پێم دەکرد سەرهەنگی شیرینی دەمت
زێرەڤانی دەوری پەرژینی جوانیت لێ گەڕێ
چی دەبێ پارێزێ بەرمە بەرزەشوورەی ئەستەمت
هەر وەلی دەمرێتەوە لەم ڕێیەدا دیسانەکەش
تا بڵێسەی بێ و شەو و ڕۆژ هەڵگرێ نووری شەمت
پەندی ژیرانەی خەیامم قەت لە بیر ناچێتەوە
«عومری خۆت داناوە گەر جوانێک نەبێتە هاودەمت»[١]
بێی بەسەرما گەر بە توندی و گەرمی جوێندانیش ببی
پێی خەنیم و سەد چەلی دیش دەم دەنێمە نێو دەمت
پێم دەڵێن: یارە ئەوە یا دوژمنی قەستەسەرە؟
من دەڵێم: بەشکوو خودا زیادی بکا لوتفی کەمت!

# هەواڵێکی تاڵ

بیستوومە دەڵێن نایەتەوە ئەو گوڵەئاڵە
تاساوە سەرم لەم کەسەری کورتەهەواڵە
ئێستاکە دەبێ حاڵی چلۆن بێ دڵی وێڵم
هەر ماوە وەیا مردووە دوای ئەو خەمە تاڵە؟
بۆچ ڕۆییوە ئیمانی دڵ و هانی هەناسەم
جێی هێشتووە ئەم خاوەلەشە و گشتەخەیاڵە
بۆ کوێ چووە چی دیتووە گیانی بەپەلەی کۆچ؟
بێزراوە لە ژینی من و ئەم لانە بەتاڵە؟
ڕەشماڵی خەم و حەسرەت و تەم بوو تەمەنی من
بۆچ هاتی بشێوێ خەوی ئەم ڕووخەکەماڵە
بۆچ هاتی کە تێکی بدەی ئارامیی چەمی مەند
نازانی کە دی نیشتنەوەی خەونی مەحاڵە
چیت دابوو لە کاولاشی دەروونم گوڵی ئاڵم
بۆخۆی دەڕما هێدی لەپاش ئەم هەموو ساڵە
ترسم هەبوو بمرم لە بیابانێ بەتەنیا
چواردەوری ژیانم کەچی ئێستا قەل و داڵە
ئاواتی فڕینم هەبوو ئەوساکە لەگەڵ تۆ
لەم چۆڵگە ئەوەی نایەتە بیر شەقژنی باڵە
بیستوومە دەڵێن، نا بەسە نەمبیستووە چیدی
مێرگێ هەبوو جاران کەچی ئێستاکە کڕاڵە
ئەو شاعیرە ناوی چ بوو هەڵبەستی دەنووسی؟
ئاران ئەوە تۆی ئێستە لەدووت ورکەمناڵە!؟

# بیانوو

پێدەشتی ژیانی و وەکوو بارانە لەدووت دێم
ڕووگەی دڵ و گیانی و هەڵەداوانە لەدووت دێم
ئەستێرەی ئەوینی و لەنەکاو ون نەبی تا لێم
مەستانە هەتا ئەوپەڕی ئاسمانە لەدووت دێم
وەک ئاسکی سڵ، تۆڕ و نەگیراوی ئەگەرچی
ئەم دۆڵ و دەرە و بەندەن و کوێستانە لەدووت دێم
وەک بیرەوەری سەردەمی زێڕینی مناڵی
تا شوێنێ خەیاڵ دەیبڕێ ئازانە لەدووت دێم
چون مەم لە یەکەم پەردەوە دۆڕاوی ئەشق بووم
وەک لاس بە بیانووی گوڵی شۆڕانە لەدووت دێم
ناحەجمێ دڵەی تامەزرۆی تینوو بە زامم
نێچیری بریندارم و بێ لانە، لەدووت دێم
ناتوانی خەمی داوی دڵم سووک بڕەوێنی
بۆ کوێ بچی سەرمەست و بەبێ دانە لەدووت دێم
گەر ڕێگەیەکی پڕ هەڵەمووتی نەبڕاوەی
تا ئاخری ئەم ڕێیە کە سەردانە لەدووت دێم
بێتاقەتە قەدرێکە قەلای ئیشقی قەدیمی
هەر پێم دەڵێ بۆ دیتنی ئەو خانە لەدووت دێم
ئەم شارە گەڕاوم هەموو کاژێر و کەلێنی
تۆ ئەرمەنی چاوبەستی و کوێرانە لەدووت دێم
من ڕواڵەتی تۆم دیوە لەناو پیاڵەیی مەیدا
سا بۆیەکی مەیخانە بە مەیخانە لەدووت دێم
«خۆشتر لە چپەی ئاشقی نەمبیستووە دەنگێ»[٢]
بم گێڕەوە دیسان وەکوو ئەفسانە لەدووت دێم

# ڕشانەوە

شەو هات و هیچکەسێک نەبوو دیسان بە لامەوە
دیسان لە پێستی ساردی غەریبی خزامەوە
دیسان بە یادی تۆوە سەرم نایە سەر سەرین
دیسان لەناو مەراق و مەرگدا گلامەوە
دڵتەنگی دەیبڕی دەر و دیواری دیوەکەم
بێشکە شکاوێ بووم و بە خەم ڕادەژامەوە
یاساوڵێکی چەندە سەهەندە و خەرۆم ئەمن
گشت ژوورەکان بەتاڵن و هەر لێرە مامەوە
کێت دیوە چەشنی من بپەرستێ کلۆمەکەی
سووک بەستمی نەیار و بەدڵ پێی کرامەوە
تەنیایی دەستی نابووە ناو دەستی بێکەسی
بادەی بەتاڵی دووری سەری پێ دەنامەوە
هیچکەس نەبوو کە بگری لەگەڵ دەردەکانی تۆ
خەم دادەنیشت و خۆش دڵی خۆی پێ دەدامەوە
تۆم نیشتمانی گیان بوو کە ئاوارە کەوتبووم
هەروەک غەریبێ چەندە بە خۆمدا شکامەوە

من ئاشقێکی سادە بە جەللادی ژینی خۆم

هەر کوشتمی و دوبارە لەبەر پێی تلامەوە

وێنەی ئەمن کەسێک هەیە تینوو بە زامی بێ؟

خوێنم لەبەر دەرۆیی کەچی دەشگەشامەوە

هەور و هەڵایێ، پاک بەری باغی ڕنیبوو لێم

من ئارەقم سڕی و لە نسێیدا حەسامەوە

بێدەنگی بووم و بۆ وتە واتایەکی تەواو

وەک زەنگی سەرشەوێن، شەوەزەنگان زڕامەوە

ئەم بوونە بۆگەنیوە چەشەی ڕووحی من نەبوو

بۆیە لەپڕ شەوێک هەموو دنیا ڕشامەوە



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
@kurdica

## شاری جەستە

ئەم شارە کە جەستەت بێ گەڕاوم دەر و ژووری
ئەم شێعرە لەبۆ تۆیە کە واتای گوڵی نووری
من کووچە بە کووچەی کە بە ناوم نەبێ ناچم
بۆ چیمە شەقامێکی پشووسواری سەبووری
گشت تاوێ لەتاوت ئەوە من توامەوە وەک مۆم
هەر ساتێ ئەتۆ دەفڕی بە باڵی ڕەشی دووری
تا شین نەبی شێتانە لەناو دەشتی لەشمدا
فرمێسکم ئەنووسم تەڕ و مەستانە بە سووری
خۆشم دەوێ پڕپڕ بە دڵم شاری ئەوینت
پاک دار و تەل و ئاسن و پاکار و سپووری
هەر لێرەوە تا ڕۆژی بەرێ ئاشقی ڕووت بووم
لەم ڕۆوە هەتا ئەوپەڕی دنیا کەلەپووری
وەک شێعرێ کە وێنەی نییە ئاوێنەیە یا ئاو
هەم مانگی و هەم ماسی هەمیش مامز و حووری

## بەهەشتی خۆشەویستی

ئەی گوڵی پێخوستی غوربەت تا بە کەی ئاوارەبوون؟
تا بە کەی لاکێشەکەی نائاشنای ئەم شارە بوون
تا بە کەی جێ پێت دەچێنی لەم بەیارە دوورەدا؟
پێکوڵی بێ کەڵکە دەڕوێنێ کەلی پەتیارەبوون
ڕەگ لەسەر شانانی با بێ و دڵ لەبەر پێی بێکەسی
کوا دەحەجمێ ڕووح لە تای پڕ شنگڵی بێچارەبوون
نیشتمانی تۆ بەهەشتی خۆشەویستی بوو گوڵم
نەک هەرێمی ڕاوەڕووت و نۆکەری و بێکارەبوون
ئەو هەوارەی شوێنی ئەشق و ژین و ژیوار بوو جەخار
پەتپەتێنی پێ دەکا ئێستا پەتای سەدپارەبوون
قەت لە بیر ناچێتەوە ناوی بوێرانی وڵات
ئەو کەسانەی دەمبەخەندە چاوەڕێی سێدارە بوون
قۆپچەییێکی شاخەکەت بترازێ گیان بێ ئۆقرەیە
چۆن نەڕووخێم کۆرپەکانت بەرکوڵی ئەمجارە بوون
ئەو کچانەی ڕێی خەباتیان کردە جیازی سووروسات
تازەبووکی کوڵمەئاڵی ئەم وڵات و وارە بوون
زامی شنگال کوا بە شێعرێکی چرووک سارێژ دەبێ؟
پیتگەلێکی کاڵ کە بێدەنگتر لە ئەم هاوارە بوون
ئەو وشانەی هیچ خودایەک ... هیچ خودایەک نەیژنەفت
ئەو کتێبانەی بە کۆمەڵ پەڕپەڕ و نادیار ئەبوون
ئەو خەیاڵەی داعشی شەو دەستدرێژی کردە سەر
هێند شپرزە ئەستەمە سەروا و ڕەوی پێی تێکنەچوون

# شێوازەکانی مەرگ

وا مردم و دەڕۆم لە هەواری غەمینی تۆ
ئەژنۆم شکا لەبەر خەم و ژان و گرینی تۆ
تاقی وەدی نەهات لە هەزاران ئومێدی ئاڵ
هەی ئافەرین زەمانە لەبۆ تاقی شینی تۆ
وا من دەڕۆم و ڕوو لە هەرێمی نەمان دەکەم
ڕەنگینترە نەبوون لە شەڕابی ئەوینی تۆ
پێت تاقی کردمەوە هەموو شێوازەکانی مەرگ
سا بەس نەبێ شکەنجە لەپێناوی ژینی تۆ؟
هەر گەنجی ئێمەیە کە چەپاوی دەکەن دزان
ئامانجی تیری دوژمنە جەرگی بەتینی تۆ
پشکت نەمان و مردن و سووکایەتی  و جوێن
هەر بەند و بەست و کوشتنە شەڵتەی برینی تۆ
جێی هێشتوە ساڵەهایە خودا ئاسمانەکەت
چوار دوژمنیش لە کەوشەنی خاک و زەمینی تۆ

# نوقمی گێژاوی بەڵا

ئاو له چاوان هەڵدەچۆڕێنێ نەبوونت مانگی چاردە
شێت و شووریم ئێستە لەم شەوگارەدا لێ بۆتە دیاردە
کەی دەبێ تاوێ بە سووکێکی لە سووچێ دەرکەوی تۆ
ئاسمانی بەختی من ڕۆشن بکا تیشکی بژاردە
دابڕاوم چەشنی پیتێکی بەتەنیا من لە قامووس
ناوەکەم نەخراوەتە ناو نەقشەیێکی هەڵپەساردە
دەستدرێژی کردە سەر کیژی خەیاڵم داعشی شەو
چەشنی گۆڕێکی بەکۆمەڵ شاری هەستم چۆڵ و ساردە
ئەی خودا سەرپاک جیهانت نوقمی گێژاوی بەلایە
ئێستە کاتێتی گەرەکتە گەر بنێری ڕاسپاردە
«چۆڵە جێژوان، ڕژد و دژ وەستاوە یار و مانگ لەسەر کۆچ
غار بدەم بۆ کوێ؟ بەسەر یەکدا ڕماوە بەردی پاردە»[٣]
دەردی دووریت هەر منی تووشی خەسار و خەم نەکرد خۆ
هەمگەیەک لەم ڕێگەیەتدا هەڵوەدان و هەڵبواردە
نامەوێ بەم ڕۆژگارە گاسنی خەم دڵ بکێڵێ
گۆڕی شەو ڕووحی کەنەفتی من لەبن پەردووت حەشار دە

## بیرەوەری

شەو ڕادەشکا شل دەبوو ئەژنۆم نەدەهاتی
مانگ هەڵدەپڕووکا دەپسا پۆم نەدەهاتی
ئەو کووچەیە پڕ بیرەوەری ئێمەیە ئێستاش
ترست هەبوو دەمگوت چەمەڕای تۆم نەدەهاتی
ئەوکی دەگوشیم خەم، بەنی دڵ هەڵدەوەشا تا
بەرپەنجەرە وەک مانگی لەسەر سۆم نەدەهاتی
دەخولامەوە شێتانە بەدەور ماڵەکەتاندا
عالەم هەموو پێی وا بوو کە گەلحۆم نەدەهاتی
ناوم دەزڕا یان دەبرا گوێم نەدەدا قەت
ڕووحم دەزرینگاوە لە گڵکۆم نەدەهاتی
ئەو چۆلەکە هەیوانی خەمی چۆڵ نەدەکردی
دوورتر لە کەلاوەی خەوی نامۆم نەدەهاتی
ئێوارە بە ئێوارە دەهاتم بەتەمای تۆ
یەک چرکە هەتا دەرکە بەدڵ بۆم نەدەهاتی
ئاخ! بۆ نەدەهاتی کە بزانی چ دەکێشم؟
ئێستەش خەمی ئەو وەختەیە دەیخۆم نەدەهاتی
من دێمەوە بەو کووچەیەدا سەد کەڕەتی تر
گشت چاک و خراپیشی لەسەر خۆم: نەدەهاتی؟

# دووپاتبوونەوە

گشت تاوێ بە چاوما وەرەوە شێعری ئەوینم
گشت ساتێ بە گیانما تەزی گەرم و گوڕی ژینم
دووپات بەوە ئەی بەرزەشەپۆلی کەژی هیوا
دووپاتە کەوە خەونی گەش و ڕوونی فڕینم
دووپات بەوە ئەی سەرچڵەکەی دەنگی خودایی
مەستانە لەنێو باغی چڕ و کەسکی برینم
دووپات بەوە خاتوونی خەیاڵ خانمی خەونم
سەدبارە لەبەر چاوی تەڕی فێرەگرینم
دووپات بەوە بێوێنەترین جیلوەیی جوانی
تا دوادەمی ئاویلکە دەخوازم تە ببینم
دیسانەکە سەر هەڵبدەوە چەشنی بزاڤێک
نەیدیتبێ مێژوو پەڕی ئاوا لە سەرینم

# ڕێی باوەش

ئاسکی سڵە و ڕادەکا، مامزەکەی چاوڕەشم
واتە کە وەدوام کەوە، دوور نییە ڕێی باوەشم
دوور نییە ڕێی باوەشی، وەک کەوە ڕەوت و مەشی
ڕووبەنەکەی ڕەشبەشی، دوژمنەکەی دڵڕەشم
بەو تەمە دڵ شاد ئەکا، بەدزی تەماشا ئەکا
نازە نە حاشا ئەکا، پۆلووەکەی ڕووگەشم
دەرد و کوڵم لای ئەوە، چاری دڵم لای ئەوە
دوامزڵم لای ئەوە، سوورگوڵەکەی دڵکەشم
لەنجەیەتی ڕۆژ و شەو، سوێسکەیە یا پۆڕ و کەو
شیرنە هەنگ یا نە ئەو؟ ژیکەڵەکەی مەیوەشم
دێت و دەچێ دڵ دەبا، بێت و نەچێ چەشنی با
هۆش و لەشن ناتەبا، هەر شەڕ و جوێنە بەشم
گرتمی بەدلەنجەکەی، کوشتمی سەرپەنجەکەی
خستمی نازحینجەکەی، ئاشقەکەی بێبەشم
دەی وەرە دەی دەی وەرە، دەرد و کوڵم لابەرە
ئەم شەوە پڕ نەشتەرە بۆتە خودانی لەشم
ساقی خەیاڵم ئەتۆی، بادەیی ئاڵم ئەتۆی
ئاگری ساڵم ئەتۆی، تۆ نەبی، نیم و هەشم!

# ئادگاری ئەوین

لەو ڕۆژەوە چاوم بە نزاری حەزی پشکووت
ئادگاری ئەوینی دڵی ئاوێنەمی ئەنگووت
لەو ڕۆژەوە ئەو هۆشە سەری هزری شکاندووم
یانەی تەمەنم گشت بە گڕی هەستەوە هەر سووت
لەو ڕۆژەوە خەم گەیوەتە بەر دەرکی خەیاڵم
ڕووحم لە هەزار ڕازی نەگوتراوە هەڵەنگووت
لەو ڕۆژەوە تەنهایی سەری بەرزی هەڵێنا
دانایەتەوە بەژنی کەژم بۆ تەم و باکووت
لەو ساتەوە ناسیومە غەوارەی مەلی یادی
هەر بیرە دەڵێ بیسرەوە ئاشنایەتی پێشووت
لەو دوورەوە تا لێوی بەبار زەردەیەکی دا
وێڕای وەزەنی خوێنی ڕەگم لێرەوە دەبزووت
بەختی منی چاک کردەوە کێلوونی دەسی تۆ
پێی مەرگی ئەوا بەستەوە بسکانی نەبەستووت
«تا دیومە لەنێو مەسحەفی ڕووت سووڕەتی یۆسف»[۴]
وەک جەرگی زوڵەیخایە دەروونم هەموو پەڕپووت
تاکەی پەڕەوازەی وەتەنی بێ کەس و کاری
دەی بێرەوە نێو لانی ئەوین تۆ سەری مردووت

# به هەوای تۆوە، پەڕێک!

تاکەی بە تەمای ماچی تەڕ و تامی دەمی تۆ
ڕووحم بگەزێ بسکی بەداو و بەخەمی تۆ
تاکەی بە هەوای دەنگی حەریرت پەڕی کا بم
تەرحێکی نەکێشراوە لەبەر ڕەنگی چەمی تۆ
تاکەی بە نەوای دەرد و بەڵای تۆوە بناڵم
هەردەم وەکوو ئالینکێ بئاڵیم لە خەمی تۆ
سیروانی سروشکم دەبێ چەن شاخێ بپێوێ
ڕوون بێتەوە تا چاوی ئەوینم بە تەمی تۆ؟
زۆر کەس بە سەمای سەوڵی قەدت مەستی هەوا بوون
من کەوتمە ناو گێژەوی لۆمە و لەقەمی تۆ
«کەی دێیەوە سەر ڕەحمی دڵی زار و نەزارم؟
کەی دێتەوە سەر خاکی مەزارم قەدەمی تۆ؟»[5]
کەی دێیەوە لای لانکی بەبیانکی هەستم؟
ژیر بێتەوە ئەو کۆرپەیە تاکوو بە مەمی تۆ
کەی دێیەوە بەردەرکی خەیاڵم کە ببینم
تاوتاوێ پەڵەی شەرم و بەزەی زۆر و کەمی تۆ

# هۆی هۆلۆکاست

دڵم خوێنە و خەیابانی خەمت ڕاست
دەگاتە بەردەمی خولیا و حەز و خواست
لە پێچی بەختی بەدما بوو کە دیتم
پەژارە و تەم خەیاڵی تۆی دەپاراست
ترۆجان و کەڵە و ڤایرووسی هیچ کوێ
بەقەو بەرداشی ئێمەی وا نەبیراست
بە نۆرتۆن و بە پاندا بۆم نەکوژران
دەبێ ئەمجارە دامەزرێنم ئاواست
مەرج بێ شرتوشۆیان وا بکەم ون
کەس ئاوا دەرنەکێشێ موو لەنێو ماست
هەزار پێچ و پەنای تێدایە جەستەت
کەچی خەم سەر دەکاتە ئێرە یەکڕاست
بەڕاستی قافییەی ئەم شێعرە تەنگە
وەلی خۆشم دەوێی هەر بێ کەم و کاست
تەواو گۆڕاوە دنیا دابنێ تۆش
بە کورتی بڕگەیەک بۆ هۆی هۆلۆکاست


تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

## باجی جودایی

که تۆی تێدا نەبێ دنیا دەبا وێران بێ سەرپاکی
چەنێ ڕەنگین و بێهاوتای گوڵی سەرتۆپ، گەلێ تاکی
له سەد ۳۲ت شەراب و شێعر و هەنگوینە و ئەوەی تر ناز
لەوەش بەو لا بڵێن دا بەرهەمی ئاو و گڵ و خاکی
دەڵێی نیلووپەڕی شین بووی لەناو پەنگاوی ئەسرینم
له داری بیرم ئالاوی بەتوندی چەشنی باداکی
له کوێری چاوی هەڵبەستم دەبوو زووتر لەوە گەییام
که تۆ کەوتوویەتە ناو بیری کەنعانم بە سامناکی
ئەگەر گەردوونی دین ئێمەی لە یەکتر هەڵنەبواردایە
جودایی جۆرێ تر ئەستاندبووی ئێستاکە پیتاکی
لەناو چاومای و ناتبینم، لەلامی و ناگری دەستم
گلێنەی دیدەمی یاخود بڵێسەی بەرزی سووتماکی؟
دڵم گرنەی ئەتۆم لێ دەگرێ ڕۆژ و شەو، هەمیشە و هەر
وەها پەڵپی نەگرتوە هیچ منالێ قەت لەبۆ داکی

## یەکەم هەنگاوی سەر مین

چ باکوورێکی خوێنینی، چ باشوورێکی غەمگینی
وەک ئاوابوونی ئینسان و بەیانبەردانی ئەسرینی
لەلایەک وێڵ و ئاوارە، لەلایەک نوقمی سێدارە
لەلایەک بێ پەڵە و پارە، لەلایەک شیوەن و شینی
ئەتۆ خاچێکی چوارمێخەی، کراسێکی بەبێ ئێخەی
خودان ئاخی بەبێ ئۆخەی، نەبوونێکی چ ڕەنگینی
کچی دەرد و ژنی داخی، کوڕی ژان و خەمی ناخی
مناڵی کۆچ و قاچاخی، مرۆڤێکی تەواو دینی
سنوور هاتۆتە نێو جەستەت، جودایی بۆتە هەڵبەستەت
کرم کەوتۆتە هەڵوێستەت، ڕەگی بێغیرەتی ژینی
وڵاتێکی بەبێ ناوی، خەریتەی خاکی دزراوی
سەرێک و چەن چڕ و چاوی، دڵێکی بێ گوڕ و تینی
کتێبێکی بەبێ نووسەر، قوتابی بێ قەڵەم دەفتەر
هەواڵێکی لەمەڕ مەحشەر، یەکەم هەنگاوی سەر مینی!

## بەزمی حوزوور: بۆ حەزرەتی مەحوی

سەرم داوە گوڵم ئەمشەو لە دار و بەردی بێتۆیی
بە تەختی دڵمەوە چەن خۆش دەنووسێ گەردی بێتۆیی
بە سەرشێتی پەشۆکاوی هەڵاتووم تا هەواری تۆ
نییە هەرگیز وڵات خۆشتر لە چۆڵ و هەردی بێتۆیی
هەموو ئاسمانی شەو گریام بە دڵتەنگی بە بێدەنگی
نەپشکووت هیچ گوڵێ وێنەی گەزیزەی زەردی بێتۆیی
بەتەنیا دەمبەدەم پێوام تەمی کوێستانی ناخی خۆم
لە جێی خۆی چرکەیەک نەبزووت زەمانی سەردی بێتۆیی
«بەبێ بەزمی حوزووری تۆ حەرامم کردووە بادە
نەوەک بشکێ بە نەشئەی مەی خوماری دەردی بێتۆیی»[6]
چ گەڕیانێکی خەمبارانە بوو عومرم لەگەڵ ڕۆینت
چەپی مەرگی دەکێشا هەردەمێ پێمەردی بێتۆیی

دڵم هەرچەندە گیراوە بەوێنەی شەشدەری بەختم
بەڵام هەر مۆرە هەڵداوێم لە ڕێگەی نەردی بێتۆیی
خەیاڵ و خەم تەوێڵی ڕووحی تەنیایان تەواو کێڵام
چییە چارەم کەوا کەوتوومەتە شێوەردی بێتۆیی
کەسێکی لەم دەرە نان و نمەکتی چەشتبێ نارِوا
منم ئێستاش بە قوربان هەر نمەکپەروەردی بێتۆیی
بە باری ڕاستییا نەیخست سەرەی چەرخ و خولی جارێک
دەنا ئارانی وا وێران نەبوو چەپگەردی بێتۆیی

# ئیشقی نەڕەخساو

وەختە سوێم بێتەوە بۆ زەردەخەنە و ماچی دەمی تۆ
هەڵگوشین و گەمە، دەسبازی لەگەڵ شلکەمەمی تۆ
وەختە ڕەش هەڵگەڕێ جەرگی غەزەلی دەفتەری سینەم
بۆ شنەی سەوزی کەزی و پەرچەم و بسکی بەخەمی تۆ
تەمی ئەم ئیشقە نەڕەخساوە لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژگار
هەیە تا هەڵبێ لە ئاسۆگی ژیان تیشکی چەمی تۆ
دڵە نایداتەوە پێم ئەو کچە بێشەرم و حەیایە
هۆشە بردوویەتی لێم مەستەنیگای کەترەخەمی تۆ
وەختە بتوێتەوە لەم تووڵەزی تەنهاییە تاسەم
دەوری دوو مەمکتی تا داوە دەواری بەتەمی تۆ
ئەگەر ئەو زینە لەسەر ئەسپی خەیاڵ دابەزێ بۆم
ببەزم مەرجە منیش ببمەوە دیسان بە مەمی تۆ
وەلی دەمرێتەوە لەم ڕێگەیەدا سەد چەلی دیکەش
تا بلێسەی بێ شەو و ڕۆژ بگرێ نووری شەمی تۆ



@kurdica

## نیشتمانی ڕوان

تۆم بەڵێن داوە بە خۆم وا مەست و سەروێرانە دڵ
مالّی ترپە و چاوەنۆڕی، کۆڕی دەف لێدانە دڵ
چاوەکانی ڕوونی لادێییت چ خۆش بانگیان دەهێشت
شاری دەریا دوور نییە گەر گەمیەوانی گیانە دڵ
دەنگی بارانیت چ شیرین ئاوی گوێی هەستی دەداشت
دێتە کۆتایی غەریبی، نیشتمانی ڕوانە دڵ
چەن بە کورتی ڕاتدەکێشا پەنجە بۆ هەژماری دەرد
ئێستە ئاماژەی درێژە چاو لە ڕێگەی ژوانە دڵ
لێ دەدا زووزوو لە دەرکەی هەستم و توند ڕادەکا
ئای کە چەندە سەربزێو و بەدفەڕ و شەیتانە دڵ

# کۆمارەدەرد

زەحمەتە خەم دەس لە ئێخەی بەختی ماتم کاتەوە
ئەی خودا کەی مەڵکەمووتت دێ و مەرگ دەمباتەوە
بەرگەی ئەم کۆمارەدەردە ناگرێ تاکەدڵێک
گیان لە توانایدا نییە بەرپەرچی ماتەم داتەوە
تاقەتی خۆشی و قسەی ئیشقی نییە کۆنەقەلام
خانی لەپزێڕین بزە و خەندەی وەبیر ناخاتەوە
شادی چەن نامۆیە یادی لەم وڵات و وەڵگەیە
هیچ نیشانی لێ نییە و گورگاوڕێک ناداتەوە
پێکەوە قەت ناکولێ دانوولەمان ئەمن و جیهان
ڕوو هەمیشە وەردەگێڕێ و لا لە من ناکاتەوە
گورگ و مەڕ حاوانەوە لەم سەردەراوی سیاسەتە
لێ دڵی دێوانە لەم گۆمیلکە ئاو ناخواتەوە!

# بزاڤی ئازادی

تا بزاڤی مەزنی ئازادی پەرەی ئەستاندبێ
راپەڕینی خۆشەویستی ڕووحی داگیرساندبێ
شێعری باڵای شۆخ و شەنگی تۆ دەنووسم دێڕبەدێڕ
خاڵبەخاڵ دەیخوێنمەوە دیرۆکێ تۆی نەخشاندبێ
هێزی جوانی تاکوو هەڵبکشێ و جیهان داگیر بکا
لەشکری ڕژدی سەری شۆڕی لەبەر دانواندبێ
هەڵدەکەم ئالای ئەویندارییت لەسەر دوندی دڵم
سەر لە پێناوێک دەنێم بۆنی ئەتۆی پرژاندبێ
جەرگی دیکتاتۆری غەم تاکوو بەجارێ هەڵدرم
خەونی خونکاری پەژارە و مەینەتم شێواندبێ
نەشتەری چاوت بە خوێناوی دڵۆڤانی دەسووم
دەچمە بن کەپری بەهارێک پرچی تۆی خووساندبێ
من خەباتگێڕی خەیاڵی بەژنی تۆم ئەی شۆڕەژن
تا هەناسەی ئاگرینت هەستمی خەملاندبێ

## بەختی بێوەی

ڕووی جیهان ڕەش بێ بە خوێنی تۆ نەبێ مەی نایگرێ
تۆ بەبێ ئاخ بێ ژیانت ئەو قەت ئۆخەی نایگرێ
گەنجی تۆ تالان نەکات و گەر نەپروێنێ گوڵت
چاوی هەڵنایە و بەری ئاوات و خۆزگەی نایگرێ
ڕۆژی ڕەش کردووین شەوەی سامناکی مەرگ و مەینەتی
تۆ بڵێی بۆ بووکی کوردی بەختی بێوەی نایگرێ؟
ماڵ و حاڵمان تێک دەدا و خوێنمان دەڕێژێ دەمبەدەم
ئەو نەیارەی لەعنەت و تووک و نزای پەی نایگرێ
مەست و بالادەستی ئێمەی کردووە زۆردارەکان
ڕووی دنێ ڕەش بێ بە خوێنی کورد نەبێ مەی نایگرێ

# نکووڵی

ئاواتمە تاوێک چەکی سەرشانی ئەتۆ بم
ڕاستەی کەمەرت ڕەخت و فیشەکدانی ئەتۆ بم
ئەو کاتە کە دەنواڕی لە سێرەی چەکی سەرپێت
ئامانج و گەرای نیوەنیگای جوانی ئەتۆ بم
ئەو کاتە بە پەنجەت پەلەپیتکە دەترازێ
سەدخۆزگە وەکوو بەرزەقەڵای گیانی ئەتۆ بم
ئەو وەختە کە شێرانە لەڕووی دوژمن ئەوەستی
بریا کە لەگوێن باوەڕ و ئیمانی ئەتۆ بم
ئەو کاتە بە هیوای دەمێ ماندوویەتی دەرکەی
تاوێر و شکێر و ڕەوەز و ڵانی ئەتۆ بم
ئەو کاتە کە برسێتی لەوێ ڕێک دەگوشێ زگ
دۆی ترش و بەڕووی کاڵ و لەتێک نانی ئەتۆ بم
پێوەم کە نکووڵی لە هەموو پیاوەتی خۆم کەم
بەو مەرجە لە جێگەی کچەشەڕوانی ئەتۆ بم



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

# بزەی بەهار

لە سوێت دەمردم و دەستی زەمانە یار نەبوو
تلاتلم بوو لە مەرگا و خودا دیار نەبوو
بە ئارەزووی مەزنی هەڵفڕینەوە پەڕ و پۆم
دەکردەوە کەچی کەش ساو و سازگار نەبوو
بەسەر شەپۆلی زریێوە شکاو و وشک و ڕزیو
وەکوو تلێشێ قەت ئاسوودەگیم کەنار نەبوو
دڵم گوڕووی حەزی تۆی لێ دەگرتم و دەوران
جگە لەبۆ کەرەسەی کارەبا لەبار نەبوو
بە ڕۆژ و شەو لە چیا و سەرسنووری سەخت و ڕژد
خەریکی کۆڵبەری بووم و کەس ئاگەدار نەبوو
کە چی دەکێشم و چۆن گیانی خۆم دەپارێزم
لە تیری بێشەڕەفێ کە بە فکری کار نەبوو
منیش وڵات و گەل و خاکی خۆم بە خۆشی دەویست
بەڵام بەداخەوە پشکم بزەی بەهار نەبوو
منیش حەزم لە ژیان و ئەوین و جوانی دەکرد
ڕکم لە هێمنی یا ژوان و کیژی شار نەبوو
کەچی ئەوان دژی شادی و زمان و مافم بوون
منی هەژاری مرۆیان پێ جووقەوار نەبوو

## فریشتەی بێ نیشان

من گوڵێکم خۆش دەوێ وێنەی لە باخانا نییە
ڕێگەیەک ئامانجمە پێگەیشتنی سانا نییە
باخی ئاوات و بەهاری ئارەزووی دێرینمە
ئەو گوڵاڵەی ناوی ڕەنگینی لە بێستانا نییە
وەک خودای خۆم دەیپەرەستم تاکوو مەحشەر بێوچان
ئەو فریشتەی هیچ نیشانێکی لە ئاسمانا نییە
دێڕبەدێڕ دەیخوێنمەوە ئەو شێعرە بەرزانەی کە وا
یەک وشە و پیتی بەتینیان قەت لە دیوانا نییە
شین دەبێ تا داری ئازادی لە دەشتی نیشتمان
سوورترن لەو گەشدڵۆپانەی لە بارانا نییە
دەیگوشم دوو دەستی وشک و زوور و قەڵشیوی کەسێ
هێزی دەنگی وەندە زۆر و بەرز و بەتوانا نییە
مەڵهەمی زامێک کە ناساندی بە من هێند جەرگبڕە
ئێش و ئازاری وەها هەرگیز لەتوێی ژانا نییە
دیلی دینی هێندە سەیرم دیوە لەم مەڵبەندەدا
یەک نموونەی زۆر بچووکیشی لە زیندانا نییە
بایەخی بەو زێڕە بێنرخانە ناخەملێنرێ
ڕێزی زیخێ وا لە دڵدایە و لە گیرفانا نییە
گەر دەپرسی ناوی پیرۆزی وڵات و زێدەکەم
زۆر گەڕاوم من لەناو هیچ نەقشەیەکدا، نا، نییە
«شادی جارێکیش بە میوانی نەهاتۆتە دڵت »[٧]
خۆتی پێ سەخڵەت مەکە خۆشی بەشی زانا نییە

# داگیرسانی ئێوارە

که یادت هەڵدەکا و ئێوارەکانم دادەگیرسێنیٚ
غەریبیت دوابەدوا ئازارەکانم دادەگیرسێنیٚ
دەکووژێنێتەوە تا دەستی ساردی خەم چرای ژینم
خەیاڵت مژبەمژ سیگارەکانم دادەگیرسێنیٚ
لەتاو دووریت بەجاریٚ گش دەلاقەی تاقەتم بەسرا
گڕی تەنیایییە هەردەم ڕەگی دیوارەکانم دادەگیرسێنیٚ
سەرم سەوز بوو منیش ڕۆژیٚ بەوێنەی لێڕی خۆڕسکت
زمانی سوورە ئێستا دارەکانم دادەگیرسێنیٚ
بە ئاوات بووم لەگەڵ بێدەنگی ئاوماڵ بم هەتا مردن
زەمانەی تووش کەچی هاوارەکانم دادەگیرسێنیٚ
دڵی کیژیٚ ئەگەر بشکیٚ، چەمی ئاوایییەک کوێر بیٚ
تەوژمی تەم تەواوی شارەکانم دادەگیرسێنیٚ
لەتاوان وێڵ دەبن وەک شێت، شەقام و کووچەی ئەو شارە
که یادت هەڵدەکا و ئێوارەکانم دادەگیرسێنیٚ

# سۆراغ

شەو کە ڕادەبرێ بە ئەسپایی و بە وێرغە و نەرمەڕەو
دادەهێزرێ گیان لە پێشدا هەر بە سستی و یاو و تەو
گیان لەدوایە دەیگرێتن ڕەگ بە ڕەگ لەرز و تەزوو
هەر وەبیرم دێتەوە یاد و خەیاڵی خۆشی ئەو
بەند بە بەندی ئێسکەکانم دادی بوونی وی دەدەن
موو بە مووی ڕووحم دەناڵێ: ئاخ! لە کوێنەو ماوەتەو؟
دەسبەجێ سۆراغی دەگرم من لە فرمێسک و هەنیسک
ئەم سەری خۆی با دەدات و ئەو دەڵێ پێم: نایەتەو
دەست بە داوێنی خودا و ئاسمان و ئەستێرە دەبم
چاو لە ڕێگەی هەور و سروە و کۆتر و کۆڵانی شەو
پێدەکا سیگارەکانم یەک بە یەک دەردێکی دوور
تێدەکا بۆم پێک لەدوای پێک غوربەتێکی بێ جڵەو
«ڕوو لە هەر لایێ دەکەم نامۆیە بۆم هێمن منیش
نابینم هیچ دۆست و ناسیاوێ پەیامێک بێنێ لەو»[٨]
خەونی تاکوو بێتە میوانم دەڵێم چاو لێک بنێم
خەم بەلام دەیکاتە زۆری و نایەڵێ چاو بچتە خەو
شەو درەنگە و کورتە مەودا تۆ بڵێی جارێکی دی
ڕابرێ مانگێکی ئاوا بەرز و بێوێنە و بدەو؟

# خۆشکەڵکەڵە

ڕەنگی چاوت ئەی گوڵاڵەی شارەزووری دەگمەنە
مامزی دەشتی حەریریش ئاشقی ئەو گۆڕەنە
من لە وەڵگەی دیدەمەستانی سەرنجڕاکێشەوە
کەوتمە ناو ئەم مێرگەبەختەی پڕ لە خاڵ و قۆپەنە
چاوڕەشانی دەشتی شارویران و شاری بابلیش
مەیلیان کێشایە ناو ئەم گۆل و مانگ و گێژەنە
دوو کەحێلی پڕمەخۆشی نازچەپۆکن چاوی تۆ
پیشەیان هەر کۆتەڵ و پرسە و شەپۆڕ و شیوەنە
دوو کەنیشکی سوورمەکێشی قاوەخۆرن دیدەکەت
هەر بە قاوەی داغی دڵ ئاوا تەواو گیرۆدەنە
چاو هەیە شین یا سەوز نەرمونیان یا پڕ لە ڕاز
چاوەکانی تۆ بەڵام خۆشکەڵکەڵە و بێخاوەنە



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

# گیانی هەرەسبار

دەمبەدەم هەر چاوەڕێم کرد بۆچی دڵدارم نەهات

گیان لەسەر دەست، سەر لەپێناو بووم کەچی یارم نەهات

ئەو کەسەی پێویست بوو وەک کەس، وەک چرا سۆما نەفەس

سیلەچاوێکی هەبێ و بەس قەت بە هاوارم نەهات

ڕووحی خۆم دانا لەسەر ڕێباز و ڕێگەی دیتنی

ڕۆژ لە پێ کەوت شەو بەسەرچوو، چووکەڵەسوارم نەهات

هەر هەموو هاتن پەژارە و مەینەت و ئازار و تووش

تووشی ئەو نازدارە قەت جارێک دڵی ژارم نەهات

ئەو کەسەی ئۆخژنی ڕووح و هێمنی بێ بۆ دەروون

هەر بە هەڵکەوتیش بەرەو گیانی هەرەسبارم نەهات

ئەو کەسەی هەستم بلاوێنێتەوە و دەستم گرێ

چۆنە جارێک ڕوو بە بێروونی خەفەتبارم نەهات

ئەو کەسەی دەرکم بکا و دەرکی دڵیم لێ دانەخا
ڕووی لە ئاوایی نەبوون نا و قەت ڕووەو شارم نەهات
ئەو کەسەی وەک شێعرێ بمخوێنێتەوە و بمکاتە بەر
بۆ لە دیوانی خودادا وەک وشەی زارم نەهات
ئەو کەسەی بەو جۆرە وا هەم نەک لەبەر خۆشبوونی خۆی
خۆشەویستم بێت و ببتە گش کەس و کارم نەهات
ئەو کەسەی زاخاوی گیان دا و زامی دڵ سارێژ بکا
واتە هەرگیز دوکتوری ڕووح و پەرستارم نەهات
ئەو کەسەی کەس بێ لە ماڵدا یەک قسەی بەس بێ بە حاڵ
من بەلێشاو خەم دەهاتن بۆم تکاکارم نەهات
کون بە کون بەدبەختی بوو بەدوامەوە پێوەم بدا
نێزەکی تیژ ڕاخوشاوی بەختی شەوگارم نەهات
وا دەڵێن وادەی مەرگ هات و بەسەردا کەوتووە
پێی بڵێن هەر چاوەچاوم بۆچ بە دیدارم نەهات؟

# ویرەویری خەڵووز

«گوڵی کەس شەرتە قەت ناکەم بە بۆوە
گوڵم بۆ دێ لە خزمەت تا ئەتۆوە»[٩]
بەفر کوێستانی داگرت و سپی بوو
مەلانیش هاتنەوە هێشتا نەچۆوە
بەلووزەو هاتە خوار لێمشت لەسەرڕا
ڕەگوڕیشەی هەموو هەڵکەند بەخۆوە
بڵێسەی سەندبوو ئێزنگ لە مەزرا
خەڵووزیش ویرەویری بوو بە کۆوە
چەماندی پشتی جەنگەڵ قەمچی باهۆز
لە حەوتسالان قەدی دار ڕاست نەبۆوە
بە قوڕ گیرا دەلاقەی خەونی کانی
بەهاریش کەوتبوو بەدوای دەهۆوە
لە خوێن گەوزا دڵی گەرمی ئەویندار
تەزین دایکان بە شین و ڕۆڵەڕۆوە
جەرگ برژا لەناو ئاگری هەناوا
چەق و چۆی تێکەوت گیانیش بەسۆوە
تەڕایی تیا نەمابوو ڕووحی دەریا
دە ئاو بێنە و ئیتر دەستان بشۆوە!
ئەگەر هاتی و هەناسەم لێ بڕا بوو
بە ڕێگەی پڕخەمی خۆتا بڕۆوە

# بەرهەمی نەدیتنی تۆ

بەسەر دەچێ شەوی دووری و غەمی نەدیتنی تۆ
تەواو دەبێ کەسەر و سەردەمی نەدیتنی تۆ
دڵی بەتاڵ کە زەمانێک بزە بزر ببوو لێی
لە بیر دەباتەوە ڕێی ماتەمی نەدیتنی تۆ
لە سەد بەڵا کە خراتر بوو دەرد و مەرگی ئەوین
لە سەد مەرگ کە گرانتر دەمی نەدیتنی تۆ
دەگا بە ئاخر و کۆتایی پێ دێ دەربەدەری
دەڕووخێ پرد و کڵی مەحکەمی نەدیتنی تۆ
بە ڕوونی هەڵنەدەهات چاوی تاسەباری شێعر
پڕی دەکردەوە خێرا چەمی نەدیتنی تۆ
بە ڕۆژ و شەو دڵ و دیدەی تەڕ و تەمایەری من
ببوونە هاولف و هاومەحرەمی نەدیتنی تۆ
دەبێ بە کامە بناری خەیاڵەوە وێل بم؟
لەسەر دڵم بڕەوێ تا تەمی نەدیتنی تۆ
بە کێهە زار و زمانی ئەوینەوە بدوێم؟
کە بیر نەچێتەوە سەر عالەمی نەدیتنی تۆ
خەم و خەیاڵ و خەفەت، مەرگ و ماتەم و مەینەت
گەلێک لەوەش پترن بەرهەمی نەدیتنی تۆ

# بە دەمی تیغەوە

بە دەمی تیغەوە ئێستاکە چ خۆش پێدەکەنێ
ڕەشەبا لاوکە ڕووحی شەکەتی ڕادەژەنێ
دەگەڕا تک-تکەی ئاسمان بە ڕەگیدا و ئێستاش
لەگەڵ هەر خرمەیی بارانەیەکا ڕادەچەنێ
بەوە ڕاهاتووە خوێناوی دڵی خۆی بخوا و
کوڵی داناکەوێ تا بینی هەموو پێوە نەنێ
شەو و ڕۆژ دەستەملانی خەم و ئازار و خەفەت
بست بە بست باوەشی بۆ مەرگ و نەهامەت دەتەنێ
لەوە ناترسێ کەوا دوژمنی ڕاستەوخۆیە
لەوە تۆقیوە کەوا دەستی لەنێو دەستی دەنێ
لە هەناوی ڕەشی شارێک کە خەجی گیرۆدەن
تەل و داری هەموو لێ بۆتە پەلی دارەبەنێ
قەرەباڵغ بێ ئەگەر پڕ لە هەرا دەور و بەری
ڕووحی پرکێشی هەمیشە بەتەنێیە بەتەنێ
لەوەتا تووڵەنەمامی حەزی ناشتوە لە دڵی
داخە هەر شین دەبێ، هەر حەسرەتی ئازا دەگەنێ!



تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

# شێعری ژنانە

وەرە و ئاورگی دامرکاوی ڕووحم دابگیرسێنە
وەرە و زنجیر و کۆتی هەستی دیلم ڕابپسکێنە
دەواری دووکەڵ و کاروانسەرای ئازارە سیپەلکم
وەرە و تاسەم بە ڕێبواری هەناسەی خۆت بناسێنە
کەنارەیلی چەمێکی وشکەڵاتوون دەستی کاتۆرم
وەرە و پێلی دڵۆڤانیت لە بەستێنم بئاژوێنە
وڵاتی ئاوەدانی مەینەت و تەنیاییە گیانم
وەرە و ئاڵای ئەویندارییت لە ئامێزم بئاڵێنە
دەڵێی دوو گۆڕی تاریکن بە بێت هێلوونی چاوانم
بە پڕشنگی نیگای کاڵت گەرای خەونیان بڕاسێنە
وەکوو بوتڵی بەتاڵی کۆنەمەیخانەن دەم و لێوم
بە ماچی گەرمی لێوانت خەیاڵاتیان بتاسێنە
چ سەحراییێکی سەرسام و سڕ و بێ سریوەیە سینەم
بە سروەی بسکەکەت دیسان وەرە و هەستم بلاوێنە
وەڕەز بووم هێندە گوێم هەڵخستووە بۆ دەنگی بێدەنگی
وەرە و شێعری ژنانەی خۆش بە ڕووحمدا بقاسپێنە
چ ڕۆژگارێکی لاڵ و بەرزەباڵایە نەبوونی تۆ
وەرە و مۆتەی ڕەشی شەوگاری خەمباری بتارێنە
دڵی ئاران بەبێ دیداری ڕوونی تۆیە خاپوورە
وەرە و دنیایەکم گەشتر لە جاران بۆ بسازێنە

## ئاڵا

من لە سایەی تاوی تۆوە تیشکی خۆمم دیتەوە
دەس بە عومرم تا قەڵەم بێ ڕێی خەبات دەگریتەوە
تێی گەیاندم دوو گوڵەگەنمی نیگای زێڕینی تۆ
نانی ئازادی هەتا مردن دەبێ بچنیتەوە
سوور دەزانێ ئەو کەسەی گیانی لە پێناوت دەنێ
خەونی خوێناوی شەهیدانی کە کاڵ نابیتەوە
بەفری لاپاڵ، هەوری ساماڵ، کۆتری ئاشتی و بزەی
قەت لە بیر ئاسمانی کوردستانی خۆت ناچیتەوە
وەک بەهار شین بێ هەمیشە مێرگی پاراوی دڵت
لەم کەژ و کۆسارە سەربەرزانە هەر بشنیتە

# گوڵوشەی جوانی

هەتا کەی چاوەنۆڕت بم نەفەس فێری حەیا کەی؟
لەبن پووشی زەمان ڕووحی پڕووکاوم پەیا کەی؟
هەتا کەی چاوەنۆڕت بم جریوەی حەز ببیسی
لەناو مێرگی گوڵاندا چۆلەکەی هەستم ڕەها کەی
هەتا کەی مشتەری خەون و خەیاڵم هەر ئەتۆ بی
بە بەر دووکانی بیردا ڕایەڵە و ناز و نیگا کەی
هەتا کەی چاوەنۆڕت بم لەسەر ڕێگەی نەهاتی
بەبێ دەربەستی کۆلارەی سەرم مەستی هەوا کەی
هەتاکەی کۆڵەواری چنگی زۆرداری نەبوونت
بە دەستی کۆیلەدارانەت پەڕی بوونم بە با کەی
دەبێ تاکەی لە ڕێگەی هاتنی تۆ ڕابمێنم
بڵێی کەنگێم گرێکوێرەی دەروون بۆ ئاوەڵا کەی

به دەردی تۆ بچم یا نا بە مەرگی خۆم خودای من
هەتا کەی چاوەنۆڕت بم کە بێی و دڵ دەوا کەی
هەتاکەی دابکەم ژین بۆ نیشانەی خۆشەویستی
لەناکاوێ بە تیرێکم شەهیدی کەربەلا کەی
دەڵێن دێی و دەڵێن نایەی هەتا ئێستاش لە شک دای
ڕما سێ کوچکە چواربەندەی تەمەن ئاخر هەتا کەی
لەسەر زارم بە بێزاری نەجووم با ناوی نامۆ
وەرە تا گوڵوشەی جوانی بە گوێی گیان ئاشنا کەی

# بانگی مەستانە

جریوەی چاوەکانت بانگی مەستانەی خودایی

دەدەم عومرم لە شاباشی شەوێکی ئاشنایی

بزەت بازاڕی نازدارانی وەبرەو خست و ئێستاش

دەلەرزێنێ تەلی سازی دڵی بێناز و بایی

لە قوڵکی کوڵمەکانتدا گەلێک بیری بەتاسەم

نوقم بوون و بڕا لێیان تنۆک و دواتەڕایی

چەمی شێت کەفچەڕێنە بۆ شەپۆلی پێکەنینت

شەماڵیش بۆ شنەی لەنجەت خەریکی خاکەڕایی

هەناوی ساو نەداوم مەی مەگەر ئەو لێوە ئاڵەت

با ژەنگی دڵ و دیدە و هەموو ڕەنگی مەرایی

خەیاڵی خاڵەکەت دەمباتەوە پەی ساتی خیلقەت

سەرم لەم سوڕڕەدا واقی وڕە و بۆتە هەوایی

بە قوربان ئەو کچەکوردەی کە هەر خۆی پاسەوانە

لەبۆ ناموسی خۆی و نیشتمان و ئاشتەوایی

عەجەب ماوم کە تۆ بەم گشتە نەرمی و ناز و میهرە

لەگەڵ مندا «چنین سنگیندل و سرکش چرایی؟»[١٠]

لە ئیشقی تۆوە بوو ڕەنگا غەزەل ئەمشەو بە جوانی

گەڕاوە سەر-دەمی ئاران شکۆی شێعری وەفایی


@kurdica

# ژانی زان

دایە لەکوێی؟ ماوەیێکە ناخی فامم ژان ئەکا
ماوەیێکە دەردی بێهاودەردی دڵ دەرمان ئەکا
ماوەیێکە هۆش و گۆشی لێ بڕیوم بێکەسی
بێنەوایی هەر بە تەنها ئاموشۆ و سەردان ئەکا
بۆتە چۆڵگەی چۆڵپەرەستانی کەسیرە شاری دڵ
کوندەشوومی نەگبەت و دڵتەنگی تێیدا لان ئەکا
دایە تۆ لەکوێی؟ کەوا کرمی دەغەزداری کلۆڵ
گشت ڕەگی ژینی کرۆشت و ئێستە کەوڵی گیان ئەکا
ماوەیێکی زۆرە دێشێ ناخی هەستم ئەی خودا
هەر کەسێ دێت و بە گاڵتە باسی سەرهەڵدان ئەکا
زامی فامم ماوەیێکە دایەگیان دەکولێتەوە
کەس نییە فامی بکا زامێک کە بێزووی زان ئەکا
کەس نەبوو وەرگێڕی هەستی لاڵ و پاڵی من ببێت
شێعری دەردم گەرچی هاواری بە سەد ئەزمان ئەکا
تێگەیشتن جەرگی وا ڕەش هەڵگەڕاندووم تێدەگەی؟
بەشمە ئاخ و بەس خەفەت دێ خۆی لەلام میوان ئەکا

# مێردەزمەی نەزانی

ئەم هەموو دەردە دەکێشیٚ دڵ و تۆی خاوەنی گیانی
ئەم هەموو زوڵمە زەمین دەگریٚ هەڵ و تۆی لیٚ نەبانی
بەر لە کازیوە هەتا نیوەشەوان ڕووحی دەدرویٚ و
پتەو و پۆشتە تەواو نین کەچی بەندی دڵەکانی
سیٚ ژەمەی ڕۆژیٚ لە سەر کارە بەبیٚ سانەوە ساتێک
سەری مانگان دڵەڕاوکێیەتی بۆ یەک ژەمە نانی
دەستەبەر تاکوو بکا سادەترین مافی ڕەوای خۆی
لەم چیا و بەندەنە دەینێتە مەترسێوە ژیانی
سەری هەر بەرزە بەڵام ئەو قەڵەمە تیژ و بەپێزەی
کوڵ ئەبیٚ بەژنی هەتا پیٚ دەگریٚ تیشکیٚ بەجوانی
داخی زۆر دیوە وشەم زۆر خەمی هەڵگرتووە شێعرم
بۆیە ڕەش بۆتەوە دێڕی غەزەل و جەرگی بەژانی
چەکەرەی هزریٚ هەتاکوو بڕوێنیٚ ڕەوەزی بیر
زۆر چووە توێخی لەگەڵ مێردەزمە و دێوی نەزانی

# بۆ مامۆستا حاجی قادری کۆیی

من لە ڕێدا شێعری گەورە و وردی زۆرم کوشتووە
شێعری شۆخ و شەنگی وای نەت دیتووە و نەت بیستووە
یەک لەوان هەڵبەستەکی نازداری شیرین و شەپال
دوو لەوان هۆنراوەیەک ئێستا لە بیرم کردووە
خۆشترە، ناسکترە، تورت و تەڕ و تازەترە
دەفتەری سینە و مەمت کەمتر خەتی تێ کەوتووە
شووش و باریک و لەبار و پڕترە ئەندامی تۆ
لەو خەیاڵاتەی بەسەر گەشتی شەقاما هاتووە
هەر لە دڵدایە جەخاری ئەو پەڕانەی کوردن و
ڕەنگی بوونیان جوانەمەرگانە وەبن گڵ کەوتووە
سەد مخابن ئاسەواری نووسەری کوردان نەما
هەر لەبەر کەمتەرخەمی و بێخاوەنی تێدا چووە
داخەکەم بۆ ئەو کتێبانەی نەهاتنە نێو کەون
چونکە کوردی بوون لەسەریان کوندەبوو هەڵنیشتووە
بەسیە ئاران داخ و حەسرەت زۆرن ئێستەش وان کەسان
«هەر لەبەر هێلکەی مراوی قوونیان قەڵشاندووە» [١١]

# گێژەنی عەتری ژنێک

پرچی تەڕی پەخشە لەسەر شان و مل و سینگ و قۆڵ
عەتری شەمامەی دەڕژێ ئاسکی سڵی نەرم و نۆڵ
بۆنی بەهارانە دەبارێ لە بەرۆک و بەری
ڕەنگی گوڵاڵان دەگرێ یاڵ و دەرە و دەشت و دۆڵ
هەستی شەقام ڕادەگرێ گێژەنی عەتری ژنێک
هۆش بە سەری شارەوە نامێنێ کە دێ خانمۆڵ
نازی بە سەرپەنجەیەوە ڕازە بەدەم لەنجەیە
گازی بە ئەو حینجەیەوە، ڕەنجەیە بۆ ڕووحی چۆڵ
گوڵبزەی ئەو کانییە دێنێتەوە سوێ زامی گیان
نیوەنیگای وەختە بتوێنێتەوە دڵ وەک سەهۆڵ
تاڤگەیە ئەو سینگە بلوورینە لەبەر دینی من
بەرمەدەوە لووزەوی دا تێک نەرمێ سەددی خۆڵ

# ئاوازی درۆ

ڕەنگی ڕک و کینە لە ئەوین گەشترە لای وان
چاوی تژی قاقا لە بزە ڕەشترە لای وان
گوێ نادەنە ئاهەنگی دڵ و ئایەتی ویژدان
ئاوازی درۆ و بەزمی گزە خوەشترە لای وان
ڕوو ناکەنە کابەی دڵی گەرم و گوڕی خۆیان
چوارگۆشەیەکی بۆش گەلێ دڵکەشترە لای وان
دڵتەنگی دوێنێن و دەترسن لە سبەینێ
ئێستایەکی یەخترمە دەڵێی وەشترە لای وان
خاکی بەری پێیان بە منەت تێ دەپەڕن لێی
ئاسمانی لە دووردەست چەنێ شینبەشترە لای وان
داناتەپێ دڵیان بە تکەی میچی ئەوینێک
بارانی بەتاڵووکە چ بێخەشترە لای وان
هەڵنادەنەوە قەت پەڕی یەک تاقە کتێبیش
هەر کەس کە دەخوێنێتەوە هەشبەشترە لای وان
ترسیان هەیە تازەی کەنەوە باوەڕ و بیرێک
مەیموونەکی لاساکەرە خۆشمەشترە لای وان
دەسگرتنی ژن عەیبەیە، منداڵ! مەکە لاچۆ!
ئەم پیاوەتییە وەک شتێ سەرکەشترە لای وان

تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

# ژینی غەریبانە

سەرکۆنە دەکا ژینی غەریبانە هەتاویش
لێرا وەڕەزن گیان و دڵ و ڕووح و هەناویش
پێت خۆشە لەناو هەردەوە ڕۆچی کە نەبینی
ڕۆژگاری مڕومۆن و مرۆی تێوەگلاویش
پێت خۆشە بڕۆی ڕێیەکی دی کوا لەبەرت بێ؟
مەحکوومە قەتار دایمە بە ڕێی تاقیکراویش
پێت خۆشە نەڕۆی لێرە بمێنی کە ببێ چی؟
یەگجارەکییە مەرگی زمانی نەگەڕاویش
پێت خۆشە بەدەم باوە خەیاڵت بشەکێت و
هۆشت ببڕێ ئیدی لە دنیای دەر و ناویش
پێت خۆشە نەمێنی و لە پەنایێکەوە بمری
چی دیکە نەکێشی منەتی گڵمەت و ئاویش
وازت لەوەیە واز لە هەناسە و قسە بێری
بیبەیتەوە بەر، کورتی بکەی شێعری زراویش

پێت خۆشە تەواوی تەمەنت بێنیەوە دیسان
تاریکی، ترس، فەقر و هەنووکەی حەپەساویش
پێت خۆشە تەواوی غەزەلت بادی هەوا بێ
تێی ئاخنی تیتاڵ و تەنانەت گەز و جاویش
پێت خۆشە تەواوی کەسەرت بادە بپێوێ
یادێکی لەناوا کە نەما شادی بە ناویش
پیاڵە لەدوای پیاڵە پڕی کاتەوە ساقی
کونکون کە ببێ جەرگ و دڵت چش لە حەساویش
خۆڕاییە ئەم خوێنە بە ئەو شیوەوە وەربێ
بیگۆڕە دەراوی دەم و بەستێنی نەماویش
بێکەڵکەیە ئەم ڕستن و ڕیزکردنە ئاران
سەرکۆنە دەکا ژینی غەریبانە هەتاویش

# شنەی خۆڕاگری

لەسەر دەستی ئەوینی تۆ شەقامیش کۆتری گرت
لە دەنگت یەک دڵۆپ داکەوت و نیۆشار ئاگری گرت
ئەمن ئەو گەنمەجاڕەی زەرد دەبێ و دروێنە دەکرێ
ئەتۆ ئەو مێرگولانەی هەردەمێ ڕەنگی تری گرت
لەمێژ بوو سەرچڵووکی بیر چرۆی هزری نەدەڕواند
بە چەمکی تۆوە بوو دنیا کە مانای چاتری گرت
لە کاتێکدا کە ئازادی پشووی سوار بوو لە زیندان
قەلای هەستی ئەویندار شنەی خۆڕاگری گرت
بە یادی باوەڕ و هێز و ورەی بەرزی ئەتۆیە
کە شێعری تەڕ ئەوا دیسان خەیاڵی شاعیری گرت

# پەنجەرەی ئاوەڵا

ئەوینت ئاوەڵای کرد پەنجەرەی هاوارەکانی دڵ
لەتاو تۆیە کە ناپەرژێمە سەر ئازارەکانی دڵ
لە بیرت چوومەوە و ناچی لە بیرم تا دەمی مردن
لە ژینم چوومەوە و ئێستاش دەلەرزێن تارەکانی دڵ
لەبەر تۆ بوو مەلی هەستم خزا ناو ئەم ڕکە تەنگە
کەچی ڕۆیشتی و بەجێت هێشت سەرچڵووکی دارەکانی دڵ
خەیاڵ تاکوو ئەتۆی ناسیوە گوێ نادا بە هەستی من
خەمیش یەک چرکە چۆڵ ناکا نسێی پاسارەکانی دڵ
خەوت تۆراند و تاراندت قەرار و خۆگریم ئەمما
تەمت ناساند بە شاخ و چڕگەنی کۆسارەکانی دڵ

# فرمێسکی پیاوانە

شەوە و دیسان خەمێکی نوێ هەموو دونیام دەخەملێنێ
سەرۆکی خەم هەموو دونیام شەوێک هەر لێ دەڕووخێنێ
شەوە و تاریکە دەورانی دڵەی نامۆی بریندارم
جغارەی یادەکەت دیسان غەریبیم دادەگیرسێنێ
چ بێڕوحمە کەنیشکی خۆش سەرنجی غەم کەوا ئەمشەو
تەواو فرمێسکی پیاوانەم لە چاوان هەڵدەچۆڕێنێ
ئەگەر گیانم بە هەودای نادیاری تۆ نەتەنراوە
کە دیار نی بۆ زەمان یەکسەر بەسەر ڕووحما هەرەس دێنێ؟
سپاسی تایبەتم بۆ تۆیە تەنیایی کەوا دەستت
ڕەگ و ڕیشەی هەناوی وشکەڵاتووی من لەبن دێنێ
ئەتۆش ئەی غوربەتی ڕووتاڵ، بڕۆ دابەش بکە خۆشیت
کە کوورەی دەردی دووری وا سەراپام هەڵدەچۆقێنێ
بە بێدەنگی بڵێ هاواری خامۆشم دڵی تۆ خۆش
گەرووی تاساوی ناتوانێ تەلێکی دی ببزوێنێ!



تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

# کەژی خەیاڵاوی

لە نەرمانی لەشی گەرمت هەتا خەرمانەکەی عومرم
بە کێشانەی هەناسە و خەم هەواری باوەشت بگرم
لەناو هەوری سپی پێستت چ ساماڵە تەمەن ئەمشەو
لەتاو چاوی ڕەش و مەستت چ دارماڵە بەری سەبرم
لەسای بسکی تەڕ و خاوت کەژی ژینم خەیاڵاوی
لەپای بەرزبوونەوەی ناوت چ ئاسوودەم ئەگەر بمرم
دەڵێن لەیلا بە شیرینی هەزار زانای لە دین دەرکرد
بە دینی شیرنی لەیلایە وا شێتانە ڕادەبرم
بە هۆی بەژنی لە مەڕمەڕ تاشراوی تۆیە سەرسامم
لە نەرمی مێوی ئەندامتە بە هەر شێوازێ هەر شێعرم

# خوازە

شێتم مەکە بەو لەنجە شەریکی ڕەشەبایە
مەڕفێنە دڵم بەو دزەچاوەی لە خەوایە
بەم ڕۆینە کەوئاسایە مەلەرزێنە بناغەم
بەم گفت و بەڵێنانە خەمت دوادەمی نایە
کێشم مەکە بەو عیشوە بە شاری دەفرۆشی
ڕێشم مەکە بەو فێسە کە هەر بادی هەوایە
نازت بە هەزار ڕازی ئەویندار دەخەملێ
یەک زەردەخەنەت سەد تەڵەکە و مەکری لەدوایە
پشت گوێ مەخە ئەو خوازەیە هەرچەندە کە خاوە
هۆشم مەدە بەو گۆشە پەرەنگی لە پەنایە
پەستی مەکە ئەو هەستە کە دەربایسی خۆتە
دەستێ بدە بەو مەستە کە سەربەست و ڕەهایە
ڕەنجم مەدە بەو پەنجە کە هاودەستی ئەوینە
ڕیشەم مەخە دەر بەو خەمی ڕەشمارە بە کایە
دەورەم مەدە بەو ڕیشوەیی شاڵ و شلی پشتوێن
دڵ دامەخە لەو دەروەچە وا تیشکی تەمایە

# ناوەرۆکێکی ئەوتۆ

لەوپەڕی دنیاش ئەمن هەر کۆرپەکەی نێو باوەشی تۆم
دایکی دڵپاک ئەی فریشتەی خۆشەویستی گەشترین مۆم
گوڵپەری من گەوهەری پڕنووری دەریای باوەڕی من
باشترین بەڵگە و هەوێنی بوون و مان ئەی جوانترین هۆم
دەنگی پڕسۆزت دەلاوێنێتەوە ساوای دەروونم
ڕەنگی پڕ ڕەمزت دەڕازێنێتەوە ڕێگەی شەو و ڕۆم
لەو شەوی ئەنگوستەچاوی سەردەمی نانۆ و نەیاری
شەوچرای چاوت وەکوو بەیداخی پیرۆز هەڵکرا بۆم
ئەو کەسانەی کۆنە پێیان بابەتی تۆ زۆر نەزانن
ناوی تۆ ناوازەیە بۆ ناوەرۆکێکی پڕ ئەوتۆم
ئایەتی من قەلبی تۆیە و سووڕەتت قورئانی دووەم
بۆم بە کفریش گەر بنووسن هەر ئەتۆی پێغەمبەری خۆم
وا مەزانە نامەوێ دی داڵدەیەک بۆ دڵنیایی
لەوپەڕی دنیاش ئەمن هەر کۆرپەکەی نێو باوەشی تۆم

# گەڕانەوە

ئەو تەمەنەی ڕابرا تازە چما دێتەوە؟
پەلکەگوڵێ هەڵوەرا تازە دی دەلکێتەوە؟
ئەو کەوەخاسەی قەفەس دەستی دڵی بەستبوو
ئەستەمە جارێکی دی لەم کەژە بفڕێتەوە!
ئەو شنەیەی هەڵنەکا بسکی کچی بۆ چییە
ئەو بزەیەی تاڵە ڕووی با دەمێ نەکرێتەوە
ڕانەژنێ بەژنی دار هەڵوەرێ با دەستی با
ئەرکی دڵم شێتییە هەر ئەشێ بشنێتەوە
گیان کە هەناسەی بڕا سۆز و خەمی کوا دەبێ
تاسە لە دڵدا نەما باشترە بکشێتەوە
هەر مەمە وای کرد لە من ئاشقی ئەو زینە بم
ئەو شەمە تا هەڵگرێ هەر وەلی دەمرێتەوە
هەر غەمە بۆم ئاشنا، هەر تەمە بۆم ڕۆشنا
ئەو کەسەرەم ئەی خودا، بێژی کە ببڕێتەوە؟
ماڵی دڵم دارما، هێز و وزەی تیا نەما
دەست بە دوعام بەڵکە زوو سوورگوڵەکەم بێتەوە!

## داوا

خانزادەخان، خۆری ژنان، خەونی ژیان تۆ دینی خۆت
کەم ناز بکە دڵ گاز بکە دەی بێرەوە پەرژینی خۆت
ئەی چاوخەزاڵ هەوری گەواڵ، بادەی خەیاڵ وادەی شەماڵ
خەم پەی بکە دڵ پێ بکە ڕووخا کڵێ بەردینی خۆت
گیانم سڕە، رووحم کڕە، ناخم گڕە، واقم وڕە
دڵ ڕاگرە پێ داگرە تا کوشتەکەی بەبرینی خۆت
جوانێ مەچۆ، واوە مەچۆ، لاوە مەڕۆ، تەفرە مەخۆ
دەی واوەرە ژەنگم بەرە ڕەنگین بکە خەمگینی خۆت
شێواوە دڵ شەمزاوە دڵ تۆراوە دڵ تاراوە دڵ
دڵ ئاو بدە دڵ تاو بدە قاوی کە بۆ بینینی خۆت
هەورینەکەم بەفرینەکەم شیرینەکەم شەرمینەکەم
با بسرەوێ ئەسرینەکەم دەی بێرەوە سەر دینی خۆت


تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
@kurdica

## دیمەن

ئەی نیشتمان ئەی ژین و ئایین و هەموو دنیام
ئەی ڕۆژی ڕووناک تیشکی جوانی شەوچرای ڕێگام
ئەی بەربەیانی فێنکت هەتوانی ئازادی
ئێوارەکانت هۆی ئەوینداری و گەشەی هیوام
گیانم فیدای زۆزانی سەربەرز و بلوورینت
قوربانی تۆ، ئارانی گیان، دەشتی نیگا و بڕوام
هەر من نە تەنها کۆتری گوێسوانەکەی دینت
هەر تۆ هەموو هێز و وزە و پشت و پەنا و ئەنوام
تاقانەیە ئەو شاخ و دەشتەی وەک بەهەشتی تۆ
ئەفسانەیە گشت دیمەنت وەک ناوی هوورمەزدام

# ئاوردوو

تۆ که لەگەڵما نەبی، ڕووحی ئەوین مردووە
لانی بەتاڵی دڵم، پووشەکی بابردووە
تۆ که لەگەڵما دەبی، جادە لەبەر تۆ دەچێ
ئێستە بەری جادەکان ڕێی لە منیش گرتووە
تۆ که لەگەڵما دەبی دێنە قسە شاخەکان
گشت چەم و کانیش کەچی ئێستە دەمی بەستووە
تۆ که لەگەڵما دەبی دار و دەوەن ڕادەبن
باغی بەهاری بەوەج بۆچ سەری داخستووە
تۆ که لەگەڵما نەبی موفتەعێلون فاعێلون
شێعری پەژارە و تەمە و ڕووی لە دڵم کردووە
تۆ که لەگەڵما دەبی غوربەتەکەم خۆشدەوێ
بێوەتەنم ئەو دەمەی تینی وەفات کز بووە
دەربەدەری هەرد و کۆم، هەشبەسەری هەر دو بۆم
ماوەیەکە تۆ لە کوێ باروبنەت خستووە
ڕەنج بە خەسارم گوڵم بێرەوە باخی دڵم
دامرێ داخ و کوڵم، چیت لە خەمم بیستووە
بەستەڵەک و شەختەیە هەست و هەناوی وشەم
شێعری بزە و ماچەکەت بۆ حەزم ئاوردووە

# نێرگزی تێراو

چیها جیلوەی هەیە جوانیت کە ون نابی لەبەر چاوم
لەناو هەر جیلوەیەکدا سەد جیهان خۆی پێ نیشان داوم
دەڵێی نیلووپەڕی شین بووی لەناو پەنگاوی ئەسرینم
لە پشت پێڵووشمەوە تۆی نێرگزی سەرمەستی تێراوم
بە ڕوخسارت دەنازێ ڕواڵەتی ساکاری هەڵبەستم
گوڵاودێرە بە دەنگی دڵڕفێنت دێڕی داماوم
بەسەر پێستی هەناسەمدا شنەی بۆنی لەشت دەکشێت
چ سەرشێتە لە پێدەشتی قژت پەنجەی بەجێماوم
ئەوینی تۆ ئەگەر ڕووی تێ نەکا وەیلانە ئامێزم
دەلاوێنێتەوە خەندەت خەیاڵی زویر و تۆراوم

# گرتنی تەقویم

هەر پاسەکە دوور کەوتەوە تاماڵێ دوبارە
من بووم و خەم و یادی ئەتۆ و شێعر و پەژارە
لێزمەی خوڕی باران و تەڕایی چەمی تارم
دایکردەوە دیسان بە ڕەهێڵە و بە قەتارە
کۆتاییەکی کورت بوو دڵم خورت کە دەباری
تەنهاییەکی تورت کە هەناسەیشی سوارە
مەیخانەیەکی کۆنە کە سەرمەستیی پەڕابوو
وێرانەیەکی تازە کە سەربەست و لەبارە
بێگانەیەکی پیس و سەیر دژ بوو لەگەڵ خۆی
دێوانەیەکی پاک و تەواو پەرت کە لە شارە
ڕووحم دەزریکاوە بە تیری ڕەشی جاددە
هەستم دەپرینگاوە لە تاپۆی ئەوی دارە
وەک نێزەکی تیژ ڕادەخوشی بەختەوەری لێم
تێم ڕادەخوڕی خەم کە ژیانت چ خەسارە
غوربەت شەو و دڵتەنگی لە سێ لاوە دەهاتن
بۆ کوشتنی من ڕۆشتنی تۆ دوژمنی چوارە
سەرماوەزی تین داوە لەبۆ گرتنی تەقویم
چوونت کە یەکەم مەرگی لەناکاوی بەهارە

# باڵوێزی ئاشتی

ئەی نیشتمان ناوت! کاروانی زانینمە
ئیمان بە ئاڵاکەت فەرهەنگ و ئایینمە
کوێستانی سەربەرزت بڕوای بەتینی من
ئاسمانی سەدتەرزت ڕووگەی ئەوینی من
کاخی حەز و داوام کۆخی خەمێکی تۆ
باخی ڕەزی ساوام تولْخی تەمێکی تۆ
خوێنی شەهیدانت بەستێنی ئازادی
خەونی هەژارانت مزگێنی ئازادی
کۆتری سپی نەخشت باڵوێزی ئاشتین گشت
ماف تاقە خواستیانە نەک خوێن و جەنگ و کوشت
وێنەی دەر و دەشتت خەڵکی بە کۆمەڵ شاد
وەک بای پەڵەی وەشتت سەرخۆش بن و ئازاد
خۆری گەشی ئاڵات نەخشی ژیان و ژن
ئازادی پڕ باڵات ئەی نیشتمانی من


تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

# چەند و چوون

بۆنی قژی خاوت دەیخستمە ناو داوت
تام و مەزەی ناوت، دڵمی دەپەرتاوت
واتای بەرینی تۆ خولیای حەزینی تۆ
تیری ئەوینی تۆ، ڕووحمی دەئەنگاوت
لاجانگی سیحراویت ئەفسوونی پێکراویت
چیرۆکی تەفراویت برژانگی پاراوت
ماچی تەڕی لێوان گۆپکەی مەمی سێوان
ژوانی دەمی شێوان هەستمی دەپالاوت
کانی ئەوین و ناز، کانگای بزۆزی و واز
پشکۆی هەزاران ڕاز، گڵکۆی ڕەشی چاوت
ناوەندی گۆی گەردوون، مەڵبەندی سەربەست بوون
خواوەندی چەند و چوون خەرمانی خەملاوت

# کۆترەشینکە

ئەو کۆترەشینکەیە پەڕ و باڵی کە کردەوە
بیری درەختی بۆ سەرەتای بوونی بردەوە
گشت دەردی ڕۆژگاری بە یەگجاری هەڵوەراند
پەرداخی زەردەخەندەی هەموو ژەنگی شردەوە
پەردەی هەوای لەراند بە شنەی لەنجەکەی لەشی
بارانی سەرپەڵە بوو بە دەنک دەنکی وردەوە
هەودایەکی نەدیوی تەنی سووڕی دەسرەکەی
پرژاندی تۆوی خۆشی بە ئاسمان و هەردەوە
توند ڕایدەکرد لە جەنگەڵی جەستەی سپیکەڵەی
ئاسکێکی سڵ بە گەردنی ڕاماو و زەردەوە
بازی لە وردەماسی خزی پێستی دیوە وا
دەریا شەپۆلی دەکشێ بەسەر شاخ و بەردەوە
هەرچەندە پێکەنینی خەڵاتی خەڵک دەکرد
خۆی دادەما دەروونی بەدەم داخ و دەردەوە
هەروەک سەماکەرێکی بەتەنیا دڵی منیش
کەوتۆتە گێژی خەم بە پشووی کورت و سەردەوە

# چوارینەکان

١

دارشتەیەکی تاکوو بڵێی ناجوورە
پێی وایە کە ئیسلامی بەڕاستە و سوورە
هەر کەس بە خەیاڵێکەوە هەڵدەخڵەتێ ئەو
گشت خەون و خەیاڵ و خەوی هەر خاپوورە

٢

خەم خاوەنی ماڵی دڵە میوان نییە لێی
گرتوویەتی بان و دەری ڕایخستووە جێی
خەو نایەتە چاو تا بە خەون بت بینم
کوا ماوە دەدەن ئەسر و هەنسک ساتێ بێی؟

٣

کۆڤانی لەسەر یەک کەڵەکەکراوەیە ژین
تاوی خەفەت و داخی هەموو مۆخی چنین
لەم گێژەوی پڕ مەرگی مرۆڤانەیەدا
ئەو ئیزنە دراوین کە بە خەم پێ بکەنین

## ٤

دەوڵەت لە دەمی میللەتەکەی ڕادەڕفاند
میللەت لە سەری میللەتەکەیدا دەشکاند
لەم هەمگە هەرا و گۆنگەڵ و ئاژاوەیەدا
نەتزانی کە کێ ڕاس بوو؟ چ کەس تۆی دەڕەتاند؟

## ٥

هێندە شەڕی شیعە-سوننەیان کردووە پێم
پاک سواومەوە پووکاومەوە خۆم ون بووە لێم
حەزیایەکە کەوتۆتە هەناوی دنیا
بۆ بەرگری لەو ماوەیەکە تیژ دەکرێم

## ٦

کووژاوە کوانووی دڵ و مرکاوە ئەوین
گیرساوە لە بەندی گڵ و تاساوە ئەوین
وەک پارسەکی بەردەرکی دەبووم ڕۆژ و شەوێ
بۆ چرکەدەمێ ئاوڕی کە داباوە ئەوین

تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
@kurdica

٧

ژین گاڵتەیەکی قێزەونیماندووکەرە
دڵ گۆڕی حەز و دەشتی برین و کەسەرە
ئەو ڕۆژە بە دڵ شاد و بە کەیفم کە دەڵێن:
ئاران! هەڕە سا وادەیی کۆچ و سەفەرە

٨

لەم باخەوە سووک ڕابرە وەک ڕێبوارێ
بۆ خەونی گەلاَم بنۆڕە تەنیا جارێ
تێفکرە لەبەر چییە وەها ڕەنگزەردم؟
ناقەڵشێ پوازی خۆی نەبێ هیچ دارێ

٩

دامناوە لە خاک پیاوەتی و نایزانی
گریانی ژنانە خۆشە گەر بتوانی
سێ خاڵە لە ژینم گەلێ دیار و ڕوونە:
کوردبوون و مرۆڤایەتی، ڕێزی جوانی!

## ١٠

ئەمجارە ئەگەر بێنەوە خاراوەترن
ئاودەنگی یەک و یەکدڵ و سازاوەترن
دەیڵێنەوە ئەی ڕەقیب بە دەنگێکی بەرز
ئەمجارە ئەگەر بێنەوە ڕازاوەترن

## ١١

بمشارەوە لەم شارە بە دووکەڵ کوێرە
بمناسەوە لەم خەڵکە بە حیزی فێرە
بمخوێنەوە بەو خەتتە کە خۆت دەیزانی
بمنووسەوە بەو خوێنە لە پاوان تێرە

## ١٢

هەرچی کە دەهزرم چییە بۆم نایەتە گۆ
هەرچی کە دەنووسم نییەتی ڕایەڵ و پۆ
هەڵبەست و مەبەست چۆنە وەها لێک دوورن
خۆشم دەوێ شەقڵی خۆپەرەستی سا بۆ؟

## ١٣

چوار وەرزە لەلای خەڵکی کە ناسراوە بەساڵ
بێوێنەیە هەر چواربەشی وەک یەک بەرەماڵ
کاک ناسرە جوانساڵی ئەوینداری بە کورد
ئاودەنگە لەگەڵ خوێن و خەم و خەون و خەیاڵ

## ١٤

بۆ لام وەرە بادەی کەسەرم لایە گوڵم
باوەش نییە بورکانی ئەهوورایە گوڵم
من کوردم و هەر هێندە دەبێژم تا هەم
خوێنی گەشی پێشەوا لە ڕەگمایە گوڵم

## ١٥

بینووسە دەسا چارەم و بیخوێنەوە ڕووم
بیکێڵە بەڵێ خۆشخەت و ناوازەیە شووم
بیچنە بە گرێ چین وەسەرووی چین بکەوێ
دواتر بەسەرمدا مەیە هاتوو پیر بووم

## ١٦

ئەو چاوە ڕەشەی ڕووحی دەخەملاند کوانێ؟
ئەو کوڵمە گەشەی ژینی دەنەخشاند کوانێ؟
ئەو ئیشقە لەمێژینە کە هۆی هەرمان بوو
ئەو خەون و نەشەی خوێنی دەبزواند کوانێ؟

## ١٧

کۆبووینەوە لەم وێستگە کەوا هاوسەفەرین
بۆ چارەسەر و بۆ دەرەتان دەربەدەرین
وا ڕووحی تەرەی جەزرەبە داین کۆمەڵگا
بکشێینەوە دوا، ئێرە بە تەنیایی بەرین

## ١٨

ئەو کاتە ژیان هێندە هەراسان نەبوو نا
هاوشانی مرۆ، ڕەنگ و درۆ و نان نەبوو نا
هەرچەندە کە ئینسانی چرووک هەر هەیە خۆ
ئەم بوونە بەڵام ئەوەندە هەرزان نەبوو نا

## ١٩

هەر تۆی لە خەونما کە دەبەستم پێڵووم
چاوم کە دەبینێ بە نیگای تۆ هەڵبووم
دەرفەت بدە تاوێک بەتەنێ بم وەل خۆم
چەشنی ڕکە هەر چوار ڕەخەکەت لێ گرتووم

## ٢٠

سەودایە لە سەرما کە بە ڕیسوایی بڕۆم
خولیایە لە ناخما کە بە تەنیایی بڕۆم
وەک کەڵکەڵە ڕووحم دەکرۆژێ شەو و ڕۆژ
هەودایە لە گیانما کە بە شەیدایی بڕۆم

## ٢١

چاوم دەکزێنێتەوە ئاڵووالات
ڕووحم دەڕەوێنێتەوە تاوی باڵات
بمبوورە بە دڵئێشەوە دەیدرکێنم
باشتر نییە تەنیایی لە سەیری ماڵات؟

تایبەترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

## ٢٢

یەک جەستەم و نیشتمانێ بێ ناونیشان
کەرکووکم و کوشتوومی کزی کرماشان
ئەو ڕۆژە دێ خەڵکی کورد هەموو یەک بگرێ
چوارێنەم و بۆ غەزەل بڕیومە نەخشان

## ٢٣

دنیایەکی تاریکی بە چاوتەنگی تەنی
ئەم لا کەمە بۆی مرخی بە ئەو لایە خەنی
دەبڕێت و دەدووریێت بە خەیاڵی دڵی خۆی
شەشدانگی بەهەشت بۆتە هەواری وەتەنی!

## ٢٤

ئاخ کیژێ دڵم نوقمی چزەی تیژاوە
لەو ساوە تەوێڵی جوانی تۆی پێکاوە
بیهاڕێ زەمان بە وردی ئەو هزرانەی
هەر قەحبەیەتی و بڵحی فەقەت تێ زاوە

## ٢٥

پێت خۆشە بزانی من چلۆنە حاڵم
بڕوانە ئەوین گەیوەتە دەرکی ماڵم؟
ئەو ڕۆژە کە گیرۆدەیی ئیشقم باشم
ئەو کاتە گراویم نییە گرژ و تاڵم

## ٢٦

ئیمان و ئەوین و دڵنیاییم وەرەوە
هۆ هێزی هەناو هەستی تەباییم وەرەوە
تۆی چۆڵەچرا و دارەعەسای دەستی کوێر
ئەی تاقەت و پشکی ڕۆشناییم وەرەوە

## ٢٧

وەک دوڕگەیەکی دووری بەبێ هاودەردم
هیچکەس نییە هۆی داتەوە ئاهی سەردم
ئێستا وەرەوە کە چاوی ژینم ڕوونە
کەڵکی نییە ئەو کاتە نەمام و مردم

## ٢٨

با تۆبە لەسەر تۆبە بەدەس تۆ بشکێم
ناوم هەڵە بێت و لە نیگای تۆ بخشێم
ئەو خەڵکە دەترسن لە نشست و لە نهۆم
ئاواتمە من هەر لەبەرت داڕووخێم

## ٢٩

عومرێکە لەدووی کڵاوی بابردووی خۆم
وا بوومەتە میوانی دڵی مردووی خۆم
نا تووشی فەرامۆشی نەبووم و شێت نیم
هیچ بیرەوەریم نییە لە ڕابردووی خۆم

## ٣٠

دوو حیزەبرای ناڕەسەن و زۆر سەرەڕۆ
بەربوونە وڵات و لێی دەکەن جا ملۆومۆ
بەجیا و بەجووت تۆڵە بە تۆڵەی یەکتر
هەروا کەڵەگا دێننە پاڵ دایەنی خۆ

## ٣١

تاکەی بگریم بۆو گوڵە سوورانەی کە ...
سارێژ دەبن ئەو برینە کوورانەی کە ...؟
ئاڵایەک و یەک سروودی میللیم پێیە
بانگم دەکەن ئەو وڵاتە دوورانەی کە!

## ٣٢

گۆڤاریێ بەرێوە هەڵدەواسین شاز بێ
بۆ ئاشتی و ئازادی یەکەم ڕێباز بێ
داهاتوو لەسەر دەستی بەوێنەی شێعرێ
کەمپەینێ کە زایندە و ڕووداوساز بێ

## ٣٣

ئەم گۆڕچەیە مەیدانی گزە و یاری بوو
بێدەنگییەکەی هاولفی زۆرداری بوو
خۆزگەم بە کەسێ لەم زەلەدا پێی نەچەقاند
ئوو مردنەکەی دەرسی ئەوینداری بوو

## ٣٤

ناسازە دڵ و نافرێ لە هەیوان هەڵبەست
بێزراوە وشە و نایەتە جێژوان هەڵبەست
پچڕاوە لەنێوان من و تۆدا پردێک
پێوەندی لەگەڵ تۆ چییە چاوجوان هەڵبەست؟

## ٣٥

دەس هەڵگرە لێم دوور خەوە ئاژاوەی نوێت
هەڵنامژم و ناڕنم ئەوک و بەروێت
بۆی خاکم ئەبیست لەم لەشە وا خۆشم ئەویست
ئێستاکە سنوور گەیوەتە سیفری سەرسوێت

## ٣٦

زێرابی دەروونیان پڕی ناپاکی بوو
هۆڵی ڕەشی بیریان تژی سامناکی بوو
ئەنگاوتنی تۆ تاکە مەبەستیان نەبوو خۆ
ئامانجی ئەوان تەوێڵی ڕووناکی بوو!



@kurdica

## ٣٧

تویێتوێیە دڵم بۆ تەڕیی لێوی ئاڵی
تینوویە وەکوو بسک و کەزی تاڵتاڵی
بۆ ماچی دەم و تیشکی چەمی تامەزرۆ
بەسوێیە لەبۆ مژتنی لیمۆی کاڵی

## ٣٨

بۆ چیمە ژیان چەرخ و خولی بێخێری
ئاسمان و خودا، مانگ و زەوی و ئەستێری
کاتێک کە شەپۆلی ڕەش و ڕووتی دەریا
ماسی دڵی خۆی ناوێ لەبەر زلکوێری

## ٣٩

دەوڵەت بە حەز و ئارەزوو پێک نایە سەرۆک
زۆر گێچەڵی وەک مووچەیی لەدوایە سەرۆک
ئەو پەندە لە گوێ بگرە فەرامۆشی نەکەی
گەرماوی بە فوو سارد و لەخۆڕایە سەرۆک

## ٤٠

هۆبارییەکەم ئەوپەڕی بێهۆیی بوو
تادارییەکەم لەتاوی بێتۆیی بوو
سەرکۆنە مەکەن نەیاری بە خوێن تینووم
من دوژمنەکەم خزم و کەسی خۆیی بوو

## ٤١

قەت نەیدەهەویست سووک و بە ئاسان بمرێ
پێی خۆش نەبوو دوور لە تەشقی ئاسمان بمرێ
باڵ و پەڕی کردەوە و لە گەردوون ڕاما
ئەو بەرزەهەڵۆیەی دەبوو تەڕلان بمرێ

## ٤٢

من سێبەری دەست بە سەوڵی باڵات گرتوو
پاڵپشتی هەزاران حەزی هێشتا زیندوو
تۆ پەنجەرەی ئاواڵە بەرەو دنیای ڕوون
من هۆدەیەکی هێمنی خەم لێ نیشتوو

## ٤٣

«حەیرانن ئەتیببا لە عیلاجی مەرەزی و
لوقمانی ویسالیش لەبەری ڕادەبەزی و
کارێ کە غەم و دەردی فیراقت پێی کرد»[١٢]
نەیکردووە هیچ براوەیەک قەت بە بەزیو

## ٤٤

ترسم هەیە نوقمی تەمی بریا بمرم
ناکاوێ لەناو ماتەمی بریا بمرم
نامکووژێ مەرگ من لە بەڵێنی مکوڕم
بریام کە بڕا ئەودەمی بریا بمرم

## ٤٥

سەدخۆزگە کەناری کەسەرم هەر تۆ بای
تەیمانی دڵەی دەربەدەرم هەر تۆ بای
بەو بایە دەژیم کە هەڵدەکا یادی تۆ
بریا وەکوو گیانێ لەبەرم هەر تۆ بای

## ٤٦

پێی خۆش بوو پەیامهێنی دلۆڤانی بێ
دانابوو نموونەی هەرەئینسانی بێ
بۆ دوورەپەرێزی لە کلابوونی ژیان
زانی کە دەبێ مردنی پێ جوانی بێ

## ٤٧

هەورینەگوڵی مێرگی برین خۆشم ئەوێ
شەرمینەکچی شاری گرین خۆشم ئەوێ
سەرتۆپی هەموو سوورەگوڵانی خوایی
بۆ تۆ بێ شنەی تازەترین «خۆشم ئەوێ»

## ٤٨

دەیگوت دەبێ داهاتوو گەلێ دڵگر بێ
منداڵی بە خۆشی و بزە لێ حازر بێ
پێی وا نەبوو ڕۆژێ دێ لەبەر ڕێزی ژیان
دانان و لەباربردنی پێ چاتر بێ!

## ٤٩

تۆ بێژی کە بکشێتەوە دوا هەنگاوم؟
ئەو جوانە ببینێتەوە دیسان چاوم
ئێوارە بێ کافەیێک و دوو کووپ چایی
ئەو بێت و ئەوین و دڵەکەی شێواوم!

## ٥٠

ناخۆشە ئەوەی ماچی لە لا ناخۆشە
دەیدەم بە مەزە و ماچ ئەوی بیر و هۆشە
چون بادەیە لێو و دەمی تۆ و من تینووم
بۆم تێ کە هەموو دەم بڵێ ها بینۆشە

## ٥١

ناخوازم هەتاهەتا لە یەک دۆخدا بم
هیوامە کە مۆتە بێ و لە پڕدا ڕابم
غوربەت وەکووماڵێکی کەڕ و بێهۆشە
ترسم هەیە تا ئەبەد لە بیرگەیدا بم

تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
@kurdica

## ٥٢

هاوڕێ! چ نزیک بوو دەسی مردن لێمان
کۆبوونەتەوە هاودەمی کۆن و نوێمان
توند دەستی لە مل بکە و دەمی ڕامووسە
ئەو خاکە بوو خۆشەویستی بەخشی پێمان

## ٥٣

ئەم ژینە بە کاری چ دێ تۆی لێ دوور بێ
ئەم ماڵە بە تۆوە جوانە زەرد و سوور بێ
ئەم عومرە کە بێ تۆیە قەتاری مەرگە
ئەو گیانە کە پێ ناکەنێ با خاپوور بێ

## ٥٤

لەو کاتەوە لێم دووری دەمێ نەژیاوم
پەرژینی پەژارە و خەمە دەورەی داوم
ڕانایەتەوە بە ڕوونی ڕووحم بێ تۆ
بێ پەردە وەکوو سۆ وەرەوە نێو چاوم

# ئاماژەکان

[1] ئاماژەیە بە هەندێک چوارێنەی خەییام.
[2] وەرگێڕانێک لەم دێڕەشێعرەی حافزی شیرازییە:
از صدای سخن عشق ندیدم خوشتر.
[3] ئاماژەیە بە شێعری مانگەشەوی مامۆستا هێمن لە ناڵەی جودایيدا.
[4] ئەم دێڕەشێعرە لە مامۆستا حەریق وەرگیراوە.
[5] ئەم بەیتە ئی مامۆستا حەریقە و تەنیا شێوازی دارشتنەکەیم گۆڕیوە.
[6] ئەم بەیتە ئی خودی مامۆستا مەحوییە.
[7] شادی جارێکی بە میوانی نەهاتۆتە دڵم
ڕەنگە خەڵوەتخانەیی خەم شوێنی نامەحرەم نەبێ
(هێمن، تاریک و ڕوون، شێعری بۆسەی ڕۆژگار)
[8] لەم بەیتانەی مامۆستا هێمنەوە وەرگیراوە:

نابینم خاک و وڵات و شاری خۆم        نابینم ناسیاو و دۆست و یاری خۆم
ڕوو لە هەر لایێ دەکەم نامۆیە بۆم        نابینم جێژوان و کەونەلانی خۆم

[9] لە فۆلکلۆرەوە وەرگیراوە.
[10] ئەم خشتەیە شێعری سەعدییە.
[11] ئاماژەیەکە بۆ ئەم بەیتانەی مامۆستا حاجی قادری کۆیی:

وەک مریشکێ کە ئەقڵی نەیهێنێ
بێت و هێلکەی مراوی هەڵبێنێ
وەک بگاتە کەناری جۆگەلەیەک
نایەتە شوێنی بمرێ، جووجەڵەیەک
جێی ئەمە وشکە، جێی ئەوی ئاوە
تێ دەگا قنگ دڕانی پێ ماوە

[12] چەن دێڕێکە لە غەزەلێکی شێخ ڕەزای تاڵەبانی.